Zanco Journal of Human Sciences (ZJHS)

TYPE: Original article
DOI https://doi.org/10.21271/zjhs.30.SpA.1

# داهاتووی "بەرەی مقاوەمە" دوای رووخانی رژێمی ئەسەد: میلیشیا شیعەکانی عێراق وەک نموونە

OPEN ACCESS
*Corresponding author
Chenar Babaker Mohammed
Chenar.mohammed@su.edu.krd

**چنار بابکر محمد/** بەشی پەیوەندییە نێودەوڵەتیەکان و دیپلۆماسی، کۆلێژی زانستە سیاسیەکان، زانکۆی سەلاحەددین،-هەولێر،هەرێمی کوردستان، عێراق

RECEIVED :04 /03/2025
ACCEPTED :19/05/ 2025
PUBLISHED :15/02/ 2026

**پوختە**

رووخانی رژێمی ئەســەد لە دوای پەرەســەندنەکانی جەنگی ئیســرائیل لەگەڵ حەماس لە غەززە و حیزبوڵڵا لە لوبنان و گۆڕانی چەندین ســەرکردەی بەرەی مقاوەمەی ســەر بە کۆماری ئیسـلامی ئێران روویدا. ئەم پەرەســـەندنانە بوونە هۆکاری لاوازبوونی بازنەی هێز و چالاکیەکانی "بەرەی مقاوەمە"ی سەر بە کۆماری ئیسلامی ئێران. دواجار ئەمەش کاریگەری لە سەر میلیشیا شیعەکانی سەر بە "بەرەی مقاوەمە" لە عێراق دروست کرد. ئێران زیاتر لە سێ دەیەیە لە رێگەی بریکارەکانی لە ناوچەکە هەوڵی فراوانخوازی داوە. ئەم هەوڵەی ئێران بۆتە هۆکاری دروستبوونی ناسەقامگیری لە ناوچەکە. ئێران بە بەیانووی هەناردەکردنی شۆڕشی ئیسلامی بۆ دەرەوەی سنووری وڵاتەکەی و بەکارهێنانی دروشـــمی دژ بە رۆژئاوا و ئیســـرائیل هەوڵی کۆکردنەوەی ئەو گرۆپانەی داوە، کە هاوبیرن لەگەڵی، ژمارەیەک لەم گروپانە لە ناو عێراق رۆڵی کارایان هەیە و کاریگەری فراوانیان هەیە بەســـەر دامەزراوە و دەزگاکانی حکومەتی عێراق و تەنانەت بە پێی یاســـای عێراق داهاتی زەبەلاحیان بۆ تەرخانکراوە. رووخانی رژێمی ئەســـەد، کە لایەنێکی ســـەرەکی " بەرەی مقاوەمەی" ســـەر بە ئێران بوو و پاشـــەکشـــەکردنی ئێران لە ناوچەکە بوونە هۆکاری ئەوەی حکومەتی عێراق ناچاربێت، لە رێگەی گۆشـــاری دەرەکییەوە، بە تایبەت گوشـــاری ئەمریکا و ئیســـرائیل، هەوڵ بدات پاڵپشـــتی خۆی بۆ ئەم گروپانە کەم بکاتەوە و کار بۆ هەڵوەشـــاندنەوەیان بکات. لەم توێژینەوەیەدا هەوڵمان داوە داهاتووی گروپە میلیشـــیا شـــیعەکانی ســـەر بە ئێران لە عێراق بخەینە روو. ئەگەر عێراق نەرواتە ژێر باری داواکارییەکانی ئەمریکا و ئیســرائیل بۆ پێداچوونەوە بە ســیاســەتەکانی لە پەیوەندی و پاڵپشــتیکردنی ئەم گروپانە، ئەوا جارێکی تر دەکەوێتەوە ژێر هێرش و ئابلۆقە و ســزا قورســـەکانی ئەمریکا و وڵاتانی هاوپەیمانی لە رۆژئاوا. پێویســـتە عێراق لە نێوان بەرژەوەندیەکانی ئێران و ئەمریکادا بە دوای پاراستنی بەرژەوەندییەکانی خۆی و مانەوەی بێت، دواجار ئەمریکا دوای رووخانی رژێمی ســـەدام وەبەرهێنانی کردووە لە دامەزراندنی عێراقی نوێ و هەرگیز رێگە نادات بەرژەوەندیەکانی بکەونە بەر هەڕەشە و مەترسی.

**وشە سەرەکییەکان:**
بەرەی مقاوەمە، رووخانی رژێمی ئەسەد، میلیشیا شیعەکانی عێراق، جەنگی ئیسرائیل، گۆشارەکانی ئەمریکا.

**About the Journal**
Zanco Journal of Humanity Sciences (ZJHS) is an international, multi-disciplinary, peer-reviewed, double-blind and open-access journal that enhances research in all fields of basic and applied sciences through the publication of high-quality articles that describe significant and novel works; and advance knowledge in a diversity of scientific fields. https://zancojournal.su.edu.krd/index.php/JAHS/about

**پێشەکی**

ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە هۆی هەڵکەوتە جیۆپۆلتیکییەکەیەوە، فرە نەتەوە و فرە ئایین و مەزهەبە و لە ڕووی سەرچاوە سرووشتییەکانی وەکوو نەوت و گاز دەوڵەمەندە، ئەمەش وای کردووە ئەم ناوچەیە بە سیاسەت و ئابووری و ململانێی هەرێمی و جیهانییەوە گرێدرابێت و لە ڕووی مێژووییەوە بەردەوام بە ناوچەیەکی ناسەقامگیر و پڕ لە ئالنگاری و ململانێ ناسراو بێت. گرینگییە جیۆپۆلیتیکییەکەی ناوچەکە وای کردووە بەردەوام وڵاتانی هەرێمی هەوڵی فراوانخوازی و هەژموون بدەن و کاریگەری خۆیان هەبێت لە ناوچەکە. بۆ نموونە پاش ئەوەی لە ساڵی ١٩٧٩ کۆماری ئیسلامی لە ئێران دەسەڵاتی گرتەدەست، جەختی لەسەر شیعەگەرایی دەکرد وەکو ناسنامە و بە بەردەوامی لەناو سیاسەتەکانی بۆ دەرەوە دروشمی دژە ڕۆژئاوای جاڕ دەدا، بەتایبەتی دژ بە ئەمریکا و ئیسرائیل. ئەم جۆرە هەڵوێستەی بووە هەوێنی یەکگرتنەوە و هاوبیری ژمارەیەک لە نەتەوە جیاوازەکان، بۆ ئەوەی خۆیان بە خاوەندی یەک ناسنامە ئەژمار بکەن.

سوریا لەژێر دەسەڵاتی ڕژێمی بەعس بە سەرۆکایەتی حافز ئەسەد یەکەم وڵاتی عەرەبی بوو، کە لە ساڵی ١٩٧٩ دانی بە کۆماری ئیسلامی ئێران نا و لەو کاتەوە بەردەوام بوو لە پەیوەندی باشی دوولایەنە و پاڵپشتی ئێرانی کرد لە جەنگی کەنداوی یەکەم، دژ بە عێراق کە لە ساڵی ١٩٨٠وە تا ساڵی ١٩٨٨ بەردەوام بوو. کاتێ گروپی حیزبوڵڵا لە لوبنان لە ساڵی ١٩٨٢ بە هاوکاری کۆماری ئیسلامی دامەزرا، سوریا پاڵپشتی خۆی بۆ ئەم گروپە ڕاگەیاند. لە دوای بەهاری عەرەبی کاریگەری ئێران لەسەر سوریا زیادی کرد و تەنها بەوەش نەوەستا، بەڵکو سوودی لە هەبوونی بۆشایی و لاوازی وڵاتان وەرگرت، تا هەژموونی خۆی بە تەواوی زیاتر بکات و پەرە بە لایەنە ئایدیۆلۆژیاکەی خۆی بدات و بە شێوەیەکی زەقتر جەخت لەسەر ناسنامەی شیعەگەرایی بکات و بۆ دژایەتیکردنی ڕۆژئاوا و ئیسرائیل کار بۆ دروستکردنی بەرەیەک بکات بەناوی "بەرەی مقاوەمە" (محور المقاومة[1]).

ڕاستە ئەم بەرەیە مێژوویەکی کۆنی هەیە، بەڵام پاش بەهاری عەرەبی و کشانەوەی ئەمریکا لە عێراق لە ساڵی ٢٠١١ و دوای دروستبوونی بۆشایی ئاسایشی و سەرهەڵدانی ڕێکخراوی تیرۆریستی ناسراو بە داعش لە ساڵی ٢٠١٤ ئەم بەرەیە ڕۆڵی بەرجەستەتر بوو. ئێران بەهۆی بەرجەستەبوونی ڕۆڵی بەرەی مقاوەمە توانی سوودی زیاتر وەربگرێت و هەژموونی خۆی لە ناوچەکە فراوانتر بکات. لەم توێژینەوەیە هەوڵ دەدەین قۆناغی دوای ڕووخانی ڕژێمی بەشار ئەسەد لە ٨ی کانوونی یەکەمی ٢٠٢٤ بخەینە ڕوو، کە بە هۆیەوە ڕۆڵی ئێران لە سوریا زۆر لاواز بوو و میلیشیاکانی سەر بە ئێران لە عێراق کەوتنە ژێر گوشار و داوا لە حکومەتی عێراق کرا، کار بۆ هەڵوەشاندنەوەی ئەو گروپە میلیشیانە بکات، کە لە پاش ڕووخانی ڕژێمی بەعس لە ساڵی ٢٠٠٣ دەسەڵاتی تەواویان هەبوو بەسەر جومگە سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتییەکان لە عێراق.

ئیسرائیل لە ناو ستراتیژی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا وەکو هاوبەشێکی ستراتیژ پێگەیەکی گرینگی هەیە و ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست خۆی بە بەرپرس دەزانێ لە پاراستنی ئاسایشی ئەو وڵاتە، بۆیە هەر هەڕەشەیەک بۆ سەر ئیسرائیل ڕووبدات، بێ وەڵام نامێنێتەوە. هەروەها ئەمریکا لە ڕێگەی فشارخستنە سەر عێراق و هۆشداریدان بە حکومەتەکەی مەبەستییە گروپە میلیشیا شیعەکانی سەر بە ئێران هەڵبوەشێتەوە. لە لایەکی ترەوە بە ڕووخانی ڕژێمی ئەسەد گۆڕەپانی سوریا، کە ڕێڕەوێکی سەرەکی بەرەی بەرگری سەر بە ئێران بوو و وەکوو هێڵێ لە عێراقەوە تا لوبنان و فەڵەستین درێژەی هەبوو، پچڕا و ئێران هەژموونی خۆی بەسەر ئەو ڕێڕەوە لەدەست دا، ئەمەش وای کرد میلیشیاکانی سەر بە ئێران لە عێراق مەترسی لەسەر مانەوەیان هەبێت.

**گرینگی توێژینەوە**

ئێران زیاتر لە چوار دەیەیە لە ژمارەیەک لە وڵاتانی ناوچەکە پاڵپشتی و کۆمەکی دارایی پێشکەش بە میلیشیاکان کردووە و بەو هۆیە دەستێوەردانی کردووە لە کاروباری ناوخۆیی ئەو وڵاتانە و توانیویە لە ڕێگەی فراوانخوازییەوە هەژموونی

[1] "بەرەی مقاوەمە" واتا "بەرەی بەرهەڵستیکار" بە زمانی کوردی بە زمانی عەرەبی " محور المقاومة" و بە زمانی فارسی " محور مقاومت" و بە زمانی ئینگلیزی "Axis of Resistance"

خۆی بەسەر ئەو وڵاتانە بسەپێنی، دوای هێرشی حەماس لە ٧ی تشرینی یەکەمی ٢٠٢٣ بۆ سەر ئیسرائیل، دەرفەت بۆ ئیسرائیل ڕەخسا، بە بیانووی پاراستنی ئاسایشی وڵاتەکەی، جەنگی ئەلیکترۆنی و کلاسیکی بە شێوەی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ بەرپا بکات. لەو ڕێگەیەوە ئیسرائیل توانی چەندین سەرکردەی دیاری بەرەی مقاومە بکوژێت و لە دەسەڵاتیان کەم بکاتەوە و کاریگەری نەرێنی لەسەر هەژموونی ئێران لە ناوچەکە درووست بکات. بۆیە پاش لادانی ڕژێمی ئەسەد لە سوریا ئیسرائیل و ئەمریکا ستراتیژی تۆقاندن و ترساندنیان دژ بە ئێران و میلیشیاکانی لە عێراق و یەمەن و تەواوی ناوچەکە پەیڕەوکرد. گرینگی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە، کە دەردەکەوێت پاش چەندین دەیە بەرەی مقاوەمە لاواز بووە و ئەم لاوازبوونەی کاریگەری ڕاستەوخۆی دەبێت لەسەر پێگەی ئێران لە ناوچەکە.

### ئامانجی توێژینەوە

پاش لاوازبوونی هێزە میلیشیاکانی سەر بە ئێران بە تایبەتی لە عێراق، ئێران ناچار دەبێت پاشەکشە بکات لە فراوانخوازییەکانی لەناوچەکە و بگەڕێتەوە ناو چوارچێوەی وڵاتەکەی خۆی. ئەم پاشەکشەیە دوای بەرپابوونی جەنگی چڕی ئیسرائیل لە غەززە و لوبنان و کوشتنی گەورە بەرپرسانی حەماس و حیزبوڵلا و لادانی بەشار ئەسەد لەسەر دەسەڵات لە سوریا و گوشارەکان بۆ سەر ئێران و باڵەکانی زیاتر بەرجەستەیە. بۆیە عێراقی پاش ٢٠٠٣، کە ئەمریکا وەبەرهێنانی تێدا کردووە و دەستی لە دامەزراندنی هەبووە، دواجار کەوتە ژێر ڕکێفی ئێران و لە ڕێگەی دەسەڵاتی شیعە وەکوو زۆرینەیەک لەو وڵاتە توانیویە هەژموونی خۆی زیادبکات و دەستێوەردان لە کاروباری ناوخۆی ئەو وڵاتە بکات. ئەگەر چی دۆخی سوریا لەگەڵ عێراق جیاوازە، چونکە ئەمریکا هەژموونی لە عێراق هەیە و ڕۆڵی بەرچاوی تێدا گێڕاوە، لەوانەیە ئەمریکا لە عێراق هەوڵی زیاتر بدات بۆ نەهێشتنی باڵەکانی ئێران لە عێراق و لاوازیان بکات. ئامانجمان لەم توێژینەوەیە تیشکخستنە سەر داهاتووی بەرەی مقاوەمەیە بەگشتی و بە تایبەتیش بەرەی مقاوەمە لە عێراق و لەبەر ئەوەی هەرێمی کوردستان بەشێکە لە عێراقی فیدراڵ، هەوڵ دەدەین لە ڕێگەی ئەم توێژینەوەیە خوێندنەوەیەکی ووردمان هەبێ بۆ ڕووداو و پێشهاتەکانی ناوچەکە، چونکە گۆڕانکاری و ڕووداوەکان لە ناوچەکە و عێراق دەتوانن کاریگەرییان هەبێت لەسەر پێگەی هەرێمی کوردستان.

### پرسیاری سەرەکی توێژینەوە

ڕووخانی ڕژێمی ئەسەد چ کاریگەریەکی لەسەر پێگەی "بەرەی مقاوەمە"ی سەر بە ئێران و بەتایبەتی لەسەر میلیشیا شیعە وەلائییەکانی عێراق هەیە؟

### پرسیاری لاوەکی توێژینەوە

ئایا گوشارەکانی ئەمریکا و ئیسرائیل کاریگەرییەکان دەبێت لەسەر حکومەتی عێراق بۆ هەڵوەشاندنەوەی میلیشیا شیعە ولائییەکانی سەر بە کۆماری ئیسلامی ئێران؟

### گریمانەی سەرەکی توێژینەوە

بە ڕووخانی ڕژێمی بەشار ئەسەد وەکو هاوپەیمانێکی دێرینی کۆماری ئیسلامی پێگەی "بەرەی مقاوەمە"ی سەر بە ئێران لاوازتر دەبێت و لە عێراقدا میلیشیا شیعە وەلائییەکان دەکەونە ژێر گوشارێکی گەورەی ئەمریکا و ئیسرائیل.

### گریمانەی لاوەکی توێژینەوە

گوشارەکانی ئەمریکا و ئیسرائیل بۆ سەر حکومەتی عێراق دەتوانن کاریگەرییان هەبێت لەسەر هەڵوەشاندنەوەی میلیشیا شیعە وەلائییەکانی سەر بە ئێران، بە پێچەوانەوە عێراق ڕووبەڕووی سزای قورسی ئەمریکا و ئیسرائیل دەبێتەوە.

**میتۆدی توێژینەوە**

لە ڕێگەی خوێندنەوە و کۆکردنەوەی داتاکان و ڕووداوە مێژوویی و هەنووکەییەکان و بەراووردکردنیان لەگەڵ ڕەوشی ئێستای ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستی دوای نەمانی ڕژێمی ئەسەد، شیکاری ناوەڕۆکی بابەتەکان دەکەین لەرێگەی میتۆدی جۆریەتی، بە خوێندنەوەیەکی کورتی میژووی "بەرەی مقاوەمە" و ڕۆڵی ئێران لە ناوچەکە و سەرکردایەتیکردنی ئەم بەرەیە. دواتر وورد دەبینەوە لە بابەتی پەیوەست بە دوای نەمانی ڕژێمی بەشار ئەسەد لەڕێگەی شیکردنەوەی ناوەڕۆک لە نێوان گۆڕاوەکان هەوڵ دەدین گریمانەکانمان سەبارەت بە ڕەوشی میلیشیا شیعەکانی سەر بە ئێران بسەلمێنین.

**توێژینەوەکانی پێشوو**

سێس فرەنتزمەن، لە پەرتۆکی خۆی بە ناونیشانی "جەنگی ٧ی ئۆکتۆبەر: شەڕی ئیسرائیل بۆ دابینکردنی ئاسایش لە غەززە"[2] کە لە ساڵی ٢٠٢٤ بەڵاوبۆتەوە، ئاماژە بە هێرشی لە ناکاوی ٧ی ئۆکتوبەری ٢٠٢٣ ی حەماس دەکات بۆ سەر ئیسرائیل، کە بووە هۆکاری وەڵامدانەوەی خێرای ئیسرائیل. نووسەر دەڵێ، بەرەی مقاوەمە گرۆپگەلێکن هەوڵ دەدەن دژ بە ئیسرائیل و ڕۆژئاوا لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست ستراتیژی خۆیان پەیرەو بکەن. ئەم گروپانە بوون بە هۆکاری سەرهەڵدانی ململانێ و ناکۆکی هەرێمی. بۆیە ئەم بەرەیە پاڵپشتی لە هەموو کردارێکی میلیشیاکان دەکات، هاوشێوەیەی چالاکی هێرشی حەماس بۆ سەر ئیسرائیل و تێکدانی سەقامگیری هەرێمی. نووسەر ئاماژەی بەو هەموو قوربانیانە کردووە، کە لە ئاکامی ئەم جەنگە بۆ سەر خەڵکی غەززە و ئیسرائیل دروستبووە.(Frantzman, 2024)

دانییل سوبێلمەن، لە پەرتۆکی خۆی بە ناوی "بەرەی مقاوەمە: سڵپێکردنی ناهاوسەنگ و یاساکانی گەمە لە ململانێی هاوچەرخی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست"[3] کە لە سەرەتای ٢٠٢٥ بەڵاوبۆتەوە هەوڵی داوە، سەر لە نوێ چەمکسازی بۆ "مقاوەمە" بکات، وەکوو ستراتیژی زۆرەملێی ناهاوسەنگی ناو جەنگ. ئەمەش لە ڕێگەی

ڕێساکانی گەمەوە ڕوونکردووە. ئەم زاراویە وەکوو دیسکۆرسێکی ستراتیژ و هەلسووکەوتی ئەکتەرەکانی مقاوەمە لە تەواوی ناوچەکە دیاریکردووە. نووسەر هەوڵی داوە ڕووداوەکانی ٧ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٣ و هێرشەکانی حەماس، کە سەر بە بەرەی مقاوەمەیە و ئەو مافەی بەخۆی داوە، وەکوو لاوازترین ئەکتەر بتوانی لە ڕێگەی ستراتیژی ردعی ناهاوسەنگ و بە هێرشەکانی زیان بە ئیسرائیل بگەیەنێت. بەرەی مقاوەمە هەوڵ دەدات لە ڕێگەی هاوپەیمانێتی فاکتەری دەوڵەتی و نادەوڵەتی کۆمەڵەیەکی جیۆپۆلیتیکی لە ڕۆژئاوای کیشوەری ئاسیا پێکبهێنێت و سیستەمی هەرێمی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست دووبارە دابڕێژێتەوە. (Sobelman, 2025)

ئینا ڕۆدۆلف، لە وتارێکی زانستی بە ناونیشانی " جەنگی غەززە و دەوڵەتی مقاوەمەی عێراق"[4] لە ١٧ی کانۆنی یەکەمی ٢٠٢٤ لە رۆتێلدج بڵاوبۆوە، سەبارەت بە بەرەی مقاوەمەی عێراق و داهاتوویان باس دەکات، کە دەبێت چۆن مامەڵە بکەن، کە ڕەنگە ئەوان نەتوانن دەستبەرداری هاوپەیمانێتی خۆیان بن لە ناو بەرەی مقاوەمە، بەڵام دەیانەوێ لە ناو عێراق ڕەوایەتی بە بوونی خۆیان بدەن و بە هەستیارییەوە هەڵسوکەوت بکەن و نەکەونە ناو بازنەی هێرشی ڕاستەوخۆ بۆ سەر هاوپەیمانان و بەرژەوندییەکانی ئەمریکا. بەڵام دواجار ئەوان لەڕووی پیکهاتەو ئایدیۆلۆژیاوە ناتوانن خۆیان لە بەرەی مقاوەمە بەدووربگرن.( Rudolf, Dec 17, 2024)

مورات جینگیز، کە بە هاوبەشی لەگەڵ چەند نووسەرێک بابەتێکیان بە ناونیشانی " بەرەی مقاوەمەی ئێرانی لە ڕوانگەی ئەنتۆلۆژیای ئاسایشی"[5] لە ٢٠٢٤ لە گۆڤاری رۆتیلدیج[6] بڵاوکردۆتەوە، هەوڵیان داوە خوێندنەوە بۆ گرینگی " بەرەی مقاوەمە" لە ناو سیاسەتی دەرەوەی ئێران لە چوارچێوەی ئەنتۆلۆژیای ئاسایشیی بکەن، لە ناو کۆنسێپتەکانی ناسنامەی سیاسی، ئاسایشی رژیم، ڕەوایەتی، گێرانەوەی نەتەوایەتی، ڕۆتینەکان و پاڵنەرەکانی سۆزداری. ئەوان پێیان وایە

[2] “The October 7 war: Israel’s battle for security in Gaza”
[3] “ Axis of Resistance: asymmetric detterence and rules of the game in the contemporary Middle East conflict”
[4] “The war on Gaza and Iraq’s resistance state”
[5] “Iran’s axis of resistance through the lens of ontological security”
[6] Routlege Tylor and Francis group: Third World Quarterly

ناتوانرێ تەنها لە چوارچێوەی ئاسایشی و مەتریالی و کێبڕکێ و هاوسەنگی هێز خوێندنەوە بۆ بابەتەکان بکرێ، بۆیە بەرەی مقاوەمە بۆ ئێران گرینگی ووجودی هەیە و پشتیوانی دەکرێ بۆ دژایەتیکردنی ئەمریکا و ئیسرائیل، کە بە ئیمپریالیزم و زایۆنیسم ناوی دەبەن. (Cingöz, Sep 17, 2024)

تیم ئەندرسۆن لە کتێبێکی بە ناونیشانی "بەرەی مقاوەمە: بەرەو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی سەربەخۆ"، کە دوای کتێبی جەنگی پیسی سوریا لە ساڵی ٢٠١٩ی نووسیویە، لە کۆتایی شەڕی سوریا و توخمە بەرفراوانەکانی ململانێی ناوچەکە، بەتایبەتی ئاسۆی فەلەستینێکی دیموکراتیک و سیمای مقاوەمە و ڕۆڵی ئێران دەکۆڵێتەوە. نووسەر هەوڵ دەدات ستراتیژی ئەمریکا لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست، بە هەڵە یان لە بنەڕەتدا بە کۆلۆنیالیزم ناوزەد بکات. هەروەها نووسەر هەوڵ دەدات لە هەڵەکانی سیاسەتی ڕۆژئاوا بکۆڵێتەوە تا بەرچاوڕوونی بدات بەوەی، لە لایەکەوە تێوەگلان هەیە و لە لایەکی تریشەوە هەوڵدان هەیە بۆ لاوازکردنی بەرەی مقاوەمە. بەڵام کتێبەکەی زیاتر شێوەیەکی ڕەخنەیی بەرامبەر بە سیاسەتەکانی ڕۆژئاوا لەخۆگرتووە.(Anderson, 2019)

بەرەی مقاوەمە بابەتێکە، ڕەنگە زۆرێ لە نووسەر و ئاکادیمییەکان هەوڵیان دابێت لە تێڕوانینی جیاوازەوە شیکردنەوەی بۆ بکەن. هەموو ئەو لایەنانەی ئێمە لەم توێژینەوەیە باسمان کردووە، چ لە ڕێگەی تێگەیشتنی جیاواز لە چەمکی بەرەی مقاوەمە و چۆنێتی درووستبوونی، چ لەڕێگەی مەنهەجێکی دیاریکراو هەوڵ دەدەن خوێندنەوە بۆ ڕاستییەکان بکەن. بەڵام من لەم توێژینەوەیە هەوڵم داوە تیشک بخەمە سەر داهاتووی میلیشیاکانی عێراق دوای ڕووخانی ڕژێمی ئەسەد وەکو گرینگترین هاوپەیمانی ئێران لە ناوچەکە و کاریگەری ئەو گۆڕانکارییە لە سەر مانەوەی میلیشیاکان لە ناو گۆشارەکانی ناوخۆ و ناوچەیی ونێودەوڵەتیدا.

**پێکهاتەی توێژینەوە**

ئەم توێژینەوەیە پێک دێت لە سێ تەوەر جگە لە پێشەکی و دەرئەنجام. تەوەری یەکەم بریتییە لە پێگەی ناوچەییی "بەرەی مقاوەمە" و ڕۆڵی ئێران و سوریا لە دروستبوونی ئەم بەرەیە و هەروەها دروست بوونی میلیشیاکانی عێراق، تەوەری دووەم باس لە جەنگی ئیسرائیل دژ بە بەرەی مقاوەمە لە ناوچەکە دەکات وەکوو جەنگی دژ بە حەماس و حیزبوڵڵا. بەشی سێیەم شیکردنەوەیە بۆ داهاتووی پێگەی ئێران و میلیشیا شیعەکانی سەر بە ئێران لە عێراق، بە ڕەچاوکردنی گوشارەکانی ئەمریکا و ئیسرائیل.

**١- پێگەی ناوچەیی بەرەی مقاوەمە**

**١-١-خوێندنەوە بۆ چەمکی " بەرەی مقاوەمە"**

ژمارەیەک چەمک هاتۆتە ئاراوە، وەکوو بەرەی مقاوەمە یان بەرەی ڕێگری، ئاماژە بە هاوپەیمانێتییەک دەکەن لە نێوان دوو دەوڵەت، ئێران و سوریا و ژمارەیەکی تر لە ڕێکخراوە چەکدارییە نادەوڵەتییەکان. هەندێ لە توێژینەوەکان ئاماژە بەوە دەکەن، کە ئەم چەمکە یەکەم جار لەلایەن سکرتێری گشتیی حیزبوڵڵا، "حەسەن نەسروڵڵا" و ژمارەیەک لە بەرپرسانی ئێرانی و سەرکردەکانی حیزبوڵڵا و هەندێ لە دەزگاکانی ڕاگەیاندن، کە پشتگیری لەم بەرەیە دەکەن، بەکارهێنراوە، (قصیر،٢٠ نوفمبر ٢٠٢٣). بەرەی مقاوەمەی ئیسلامی بەرجەستەکردنی بۆچوونی ئایدۆلۆژیای ئێرانە لە ناوچەکە، "هەموو ڕژێم و ڕێکخراو و گرووپ و تایفەیەک دەگرێتەوە، کە پاڵپشتی ئێران دەکات لە ڕەتکردنەوەی هەژموونی ئەمەریکا بەسەر ناوچەکە و بەرەنگاربوونەوەی داگیرکردنی خاکی عەرەب لەلایەن ئیسرائیلەوە".( الصباغ،٢٠٢٢،ل: ١٣)

"بەرەی مقاوەمە" هاوپەیمانی ئێرانە، هەڵگری ئایدیۆلۆژیای دژە ڕۆژئاوا و دژە ئیسرائیلە. لەوانە حیزبوڵڵای لوبنانی و میلیشیا شیعەکان لە عێراق، بزووتنەوەی حەماس و حوسییەکان لە یەمەن. تاران هەوڵ دەدات لەڕێگەی ئەم بەرەیەوە ئامانجە ناوچەییەکانی خۆی بێ ڕووبەڕووبوونەوەی ڕاستەوخۆ لەگەڵ نەیارەکانی، وەکوو ئەمەریکا و ئیسرائیل، بەدەست بهێنێ. ئەندامانی ئەم بەرەی مقاوەمەیە لەلایەن ئێرانەوە پشتگیری دارایی دەکرێن و لە ڕووی لۆجستی چەکیان

پێ دەدرێت. بۆ ئێران، ئەوانە نەتەنها بۆ بەدیهێنانی هەژموونی ئێران لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەکاردەهێنرێن، بەڵکو وەکوو ئامرازی بەربەست و گرێدراو خزمەتی ئێران دەکەن. (Fella, Jan 25, 2024)

"بەرەی مقاوەمە" کاردانەوەیەکە بەرامبەر بە وتاری دۆخی یەکبوون (State of the Union) ، کە سەرۆکی ئەمریکا، جۆرج دەبلیو بوش، لە ٢٩ ی کانوونی دووەمی ٢٠٠٢ ڕایگەیاند و تێیدا ئیدانەی "Axis of Evil " (بەرەی شەڕ)ی کرد، کە بە دیاریکراوی بریتی بوو لە ئێران و عێراق و کۆریای باکوور. نیازی "بەرەی مقاوەمە" بەرگریکردن و بەدیهێنانی خواستی فراوانخوازانەی تارانە.(Lefief, Dec 6, 2023) دەتوانین بڵێین چەمکی "بەرەی مقاوەمە" یان "بەرەی مومانەعە" ئاماژەیە بە هاوپەیمانێتییەکی ئایدۆلۆژی و سیاسی فراوان، کە لەلایەک گروپەکانی نزیک لە باڵەکانی ئێران و گروپگەلێکی تر لە وڵاتان دەگرێتەوە و لە لایەکی تر سەرجەم بەرەی مقاوەمە و گروپەکانی تریش دەگرێتەوە، کە لەگەڵ ئێران بەشدارن لە داڕشتنی سیاسەتی هاوبەش لە ناوچەکە. ئەم هاوپەیمانێتییە لە ئەنجامی بۆشاییەکی عەرەبی دوای ڕێککەوتنی ئاشتی عەرەب و ئیسرائیل سەریهەڵدا و فراوان بوو، هەر لە ڕێکەوتنی کامپ دەیڤدی ساڵی ١٩٧٨وە بگرە، کە میسری لە بازنەی ململانێ دەرهێنا، تا ئەوەی وڵاتان و گروپەکانی تر دواجار چاویان لە میسر کرد، بەتایبەتی ئوردن و ڕێکخراوی ڕزگاریخوازی فەلەستین. ئەم پێشهاتانە بوونە هۆکاری دروستبوونی ئەم بەرەیە. لە ساڵی ١٩٨٠ دەستکرا بە بەهێزکردنی پەیوەندییەکانی نێوان تاران و دیمەشق. (Goodarzi, 2006:13)

دواتر ئێران و سوریا پێکەوە کاریان کرد بۆ پاڵپشتیکردن و پێکهێنانی ئەو گروپانەی، کە هاتنە ناو ئەم بەرەیەوە. هەروەها لە لوبنان گروپی حیزبوڵلا دامەزرا، دوای ئەوەی ڕێکخراوی ڕزگاریخوازی فەڵەستینی لە ساڵی ١٩٨٢ لە لوبنان دەرکرا و ئەو وڵاتەی بەجێهێشت.( ضاهر، ٢٠٢٢، ل: ٣٨-٥٠). لەو کاتەوە ئێران میلیشیا چەکدارەکانی پێکهێناوە و پشتیوانی لە میلیشیاکانی تر کردووە، کە لە عێراق و سوریا و یەمەن بوونیان هەیە. لە گەواهییەکی زۆر گرینگدا، کە ژەنەڕاڵ حوسێن هەمەدانی، سەرکردەی پێشووی سوپای پاسداران، لە یاداشتنامەکانی خۆیدا بە ناونیشانی (رسائل الأسماك) نووسیویەتی، لایەنێکی گرنگی باڵەکانی ئێران دەردەخات، کە لەسەر گۆڕەپانی سوریا دروست بوون، پاش دەستێوەردانی ئێران بۆ پاراستنی ڕژێمی بەشار ئەسەد لە دەست ئەو بزووتنەوە جەماوەرییەی، کە لە ساڵی ٢٠١١ سەری هەڵدا. لەو گەواهیدانەی هەمەدانی جیاوازی نێوان ئەو گروپانەی، کە لە ڕووی سیاسییەوە هاوپەیمانن لە چوارچێوەی بەرەی ناوبراو و ئەو باڵ و گروپە ئایدیۆلۆژییانەی، کە لە ئەنجامی پاڵپشتی دارایی چوونە ناو هاوپەیمانێتییەوە، دەردەکەوێ، وەکوو میلیشیاکانی فاتمیوونی ئەفغانی و زەینەبیوونی پاکستانی، کە لە زۆربەی شەڕەکانی سوپای سوریا لە حەلەب و ناوچەکانی دەیرئەلزور ڕاستەوخۆ لەژێر فەرماندەیی فەیلەقی قودسدا کاریان دەکرد.(See: bbc, Oct 28, 2023)

سەبارەت بە گروپی حوسییەکانی "انصار الله" لە یەمەن، ئەوا پەیوەندییان لەگەڵ ئێران زۆر ناڕوونە. لە دەیەی یەکەمی سەدەی بیست و یەکدا، لەکاتی شەڕی نێوان حوسییەکان و ڕژێمی "عەلی عەبدوڵلا ساڵح"، ساڵح حوسییەکانی وەکوو چنگی پشیلەی ئێرانی وێنا کرد، بە مەبەستی بەدەستهێنانی پشتیوانی لە واشنتۆن و ریاز، هەرچەندە واشنتۆن ئەم بانگەشەیانەی ساڵحی ڕەتکردەوە و بە هەوڵێکی زانی بۆ هەڵخەڵەتاندنی ئەمریکا. بە پێچەوانەوە، لە دەیەی دووەمی ئەم سەدەیە، واشنتۆن هەمان ئەو بانگەشەیانەی قبوڵکرد، کە پێشتر ڕەتی کردبووە و حوسییەکانی وەکوو باڵێکی ئێرانی لە ناوچەکە و بە گروپێکی تیرۆریستی ناوزەد کرد.( لاکنر، ٢٠١٩،ل: ١٥٢)

لە عێراق زۆربەی گروپە چەکدارەکانی شیعە خۆیان بە گرێدراو و هاوپەیمانی ڕژێمی ئێران دادەنێن، فەرماندەی پێشووی هێزەکانی حەشدی شەعبی، ئەبو مەهدی موهەندیس، شانازی بەوە دەکرد، کە سەربازێکی فەرماندەی پێشووی فەیلەقی قودسی سوپای پاسداران و قاسم سولەیمانی یە[7]. دواتر دەردەکەوێت کە سەرکردەکانی مقاوەمەی فەڵەستینی وەکوو هاوپەیمان مامەڵەیان لەگەڵ ئێران دەکرد، نە وەکوو شوێنکەوتوو، ئەمەش لە هەڵوێستیان بەرامبەر بە شۆڕشی سوریا دەرکەوت، کاتێ پشتگیری خۆپیشاندەران و هێزەکانی ئۆپۆزسیۆنیان دەکرد لە دژی توندوتیژی هێزەکانی ئەسەد و

[7] موهەندیس لەگەڵ سولەیمانی لە هێرشێکی ئەمریکا بۆ سەر فرۆکەخانەی نێودەوڵەتی بەغدا کوژرا لە سەرەتای ساڵی ٢٠٢٠

هێزە شیعەکانی سەر بە بەرەی مقاوەمە، ئەمەش وای کرد، تاران کەمتر پاڵپشتییان بکات(Reuters, Jun 19,2013) .

**١-٢- بەرەی مقاوەمەی ئێران و ڕێگایەک بۆ گەیشتن بە دەسەڵات**

لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئایدۆلۆژیای بەرگری بۆ ئێران ئامرازێکی پێویست بوو بۆ بەدەستهێنانی پشتیوانی عەرەب و سوننە، لە کاتێکدا تاران هەوڵی بۆ باڵادەستی دەدا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. وەک سەرکردەی بەرەی مقاوەمە، پیاوانی ئاینی تاران توانیویانە ئایدیۆلۆژیای کۆنی ناسیۆنالیزمی پان عەرەبی، کە حزبی بەعسی سوریا و ئەوانی تر پشتیوانی لێدەکەن لاببەن و لە کۆتاییدا لە ڕێگەی بریکارە چەکدارەکانەوە زاڵ بن بەسەر چەند وڵاتێکی عەرەبیدا. ڕژێمی ئەسەد ئەم ئالنگارییەی پشتگوێ خست، لە کاتێکدا ئێران دەستکاری حزبی بەعسی کرد بۆ بەدەستهێنانی ئامانجەکانی تاران و بۆ زاڵبوون بەسەر ناوچەکەدا.

بۆ نموونە، ئێران حیزبوڵڵای وەک هاوپەیمانێک پێشکەش بە سوریا کرد، هەرچەندە ئامانجی سەرەکی ئێران پشتگیری هەناردەکردنی شۆڕشی ئیسلامی بوو بۆ دەرەوەی ئەو وڵاتە. ڕاپەڕینی ساڵی ٢٠١١ی سوریا و جەنگی پاش ئەو ڕاپەڕینە هاوسەنگی هێزی لە بەرژەوەندی ئێران گۆڕی، کە بۆ پاڵپشتیکردنی ڕژێمی ئەسەد دەستێوەردانی دەکرد. لە هەمووی گرینگتر ئەوە بوو تاران داوای لە حیزبوڵڵا کرد پشتگیری ڕژێمی ئەسەد بکات لە دژی بەرەکانی ئۆپۆزسیۆنی ڕژێمی سوریا. لە ماوەی شەڕی سووریادا، وڵاتەکە لە هاوبەشێکەوە گەشەی کرد بۆ بەکرێگرتەی ئێران. ڕژێمی لاوازی ئەسەد بۆ مانەوەی خۆی پشتی بە ئێران و بریکارەکانی دەبەست، لەوانە حیزبوڵڵا و میلیشیاکانی ژێر کۆنترۆڵی تاران، کە لە چەند وڵاتێکەوە هاتبوون بۆ سوریا. (Busjaeger, Dec 12, 2024)

لە وڵاتانی تری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، وەکوو عێراق، لوبنان و یەمەن، بریکارەکانی ئێران پێگەی خۆیان وەک ئەکتەری سیاسی و سەربازی باڵادەست بەهێز کرد. ئێران وەبەرهێنانی خۆی لەو هێڵانە زیادکرد، کە وەکوو هێڵی بەرگری دەرەکی و ئامرازی کاریگەری جیۆپۆلەتیکی بوون. سەرهەڵدان و زاڵبوونی ئێران وەکوو هێزێکی ناوچەیی سەردەمێکی تەواو نوێی پێکهێنا بۆ سیاسەت لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. زۆربەی وڵاتان لە سەرانسەری ناوچەکە یان لە ژێر کاریگەری ڕاستەوخۆی ئێران بوون، لە ڕێگەی بریکارەکانی ئەو وڵاتەوە، یان ناچار بوون سیاسەتی دەرەوەی خۆیان لەگەڵ هەڕەشەکانی ئێران بگونجێنن. بۆ نموونە وڵاتانی کەنداوی عەرەبی لە کۆتاییدا سیاسەتی هێورکردنەوەی گرژییان بەرامبەر ئێران گرتەبەر بۆ ئەوەی ئەو ناسەقامگیرییە نەهێڵن، کە بەهۆی چالاکیەکانی بریکارەکانی ئێران دروست بوو بوو. ( Khatib, 15/12/2024)

بەڵام دوای ڕووداوەکانی ٧ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٣ ئەو پاڵپشتییە لوجیستیانەی، کە گروپەکانی ناو بەرەی مقاوەمە لە ڕووی سەربازییەوە لە ئێرانەوە بەدەستیان دەهێنا، گۆڕانکاریان بەسەر هات. باڵەکانی سەر بە ئێران تەنگیان پێ هەڵچنرا، تەنانەت وای لێ هاتبوو، ئێران نکۆڵی لەوە بکات فەرمانی بەو باڵانە دابێت، هێرش بکەنە سەر هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق و سوریا و ئوردن و دەریای سوور. ئێران بۆ خۆدوورخستنەوە لە بەرپرسیارێتی دەیووت، هەر باڵێ لە باڵەکانی "بەرەی مقاوەمە" بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هەر دەستدرێژی و داگیرکارییەک دەتوانێ بەشێوەی سەربەخۆ کاربکات. (Vinograd, Jan 29, 2024)

**١-٣- میلیشیاکانی عێراق دوای ڕووخانی ڕژێمی سەدام**

هێرشی ئاداری ٢٠٠٣ بۆ سەر عێراق لەلایەن هاوپەیمانان بە سەرکردایەتی ئەمریکا دەروازەی دەرفەتی بۆ ئێران ڕەخساند، تا پرۆژەی بەرەی مقاوەمە بەرەوپێشەوە بەرێت. میلیشیا شیعەکان ماوەیەکی کورت پاش داگیرکردنی عێراق لە لایەن ئەمریکا دامەزران و لە ژێر چاودێری ئێران کارابوون. ئەو میلیشیانە لە ساڵی ٢٠٠٦ بەشدارییان کرد لە شەڕی ناوخۆیی تائیفی لە عێراق و پاش کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق لە ساڵی ٢٠١١ کاریگەرییان زیادیکرد و لە ساڵی ٢٠١٤ میلیشیاکان لە ڕێگەی حەشدی شەعبی، کە لە وەڵامی بانگەوازی مەرجەعی باڵای شیعە لە عێراق، ئایەتوڵڵا عەلی سیستانی، دامەزرا، بە ئامانجی ڕووبەڕووبوونەوەی دەوڵەتی ئیسلامی ناسراو بە داعش. ١١٩ باڵی عێراقی لە ڕووبەڕووبوونەوەی داعش بەشداریان کرد، لەو ژمارەیە "٤٤"باڵی لایەنگری ئێران

بوون.(الجزيره، ٢٠٢٤/٢/٢٢) لایەنگرییەکە بەتایبەتی بۆ "ئایەتوڵڵا خامەنەیی" ڕێبەری باڵای شۆڕشی کۆماری ئیسلامی ئێران بوو. ئەم گروپانە بە بەردەوامی لەلایەن کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە پاڵپشتی دارایی و لۆجیستیکی کراون.( رسول، ٢٠٢٣، ل، ١٠٧–٢٠٨)

دیارترین میلیشیاکانی سەر بە ئێران لە عێراق بریتییە لە «کتائب حزب الله»، کە لە ساڵی ٢٠٠٧ لە ڕێگەی یەکگرتنەوەی چەندین گروپی شیعەی چەکدار لە شاری عەممارە لە باشوری عێراق دامەزرا و«عصائب أهل الحق»، کە لە ڕەوتی سەدر هەڵقوڵاوە و دامەزرێنەرانی پێش جیابوونەوەیان بەشێک بوون لەو ڕەوتە و بەرپرسیارێتی خۆی بۆ چەندین هێرش ڕاگەیاندووە، کە هێزەکانی ئەمریکا و عێراقی کردبووە ئامانج. لە داوی ساڵی ٢٠١١ پەیوەندی لەگەڵ "بەرەی مقاوەمەی" سەر بە فەیلەقی قودسی سوپای پاسداران بەهێزکردووە و لەژێر سەرکردایەتی فەیلەقی قودس چەکداری بۆ جەنگی ناوخۆ لە سوریا ناردووە. «عصائب أهل الحق» لیواکانی ٤١، ٤٢ و ٤٣ی حەشدی شەعبی بەڕێوەدەبات و لە لایەن حکومەتی عێراقەوە هاوکاری دارایی وەردەگرێت، و«حرکة حزب الله النجباء»، کە لەلایەن ئێران بە چەک و زانیاری هەواڵگری سەربازی هاوکاری دەکرێت و لە جەنگی سوریا، بە تایبەتی لە شەڕەکانی شاری حەلەب لە ساڵی ٢٠١٥ بەشدار بووە، "کتائب سيد الشهداء"، کە لە "کتائب حزب الله" جیابۆتەوە و لە دەرەوەی سنوورەکان بە ئۆپەراسیۆنی سەربازی بەشدارە و چالاکییەکانی بە هەماهەنگی ڕاستەوخۆ لەگەڵ سوپای پاسداران ئەنجام دەدات و هەر لە سەرەتای دامەزراندنییەوە لە دەوری کەسایەتی "مصطفى العتابي"، ناسراو بە "أبو مصطفى الشيباني" یان "حميد ثجيل وارج العتابي"، کە ئەندامێکی دامەزرێنەری کەتایبی حزبوڵڵایە، لە ساڵی ٢٠١٤ سەرکردایەتی ئەم گروپە کەوتە دەستی "أبو آلاء الولائي" و بەو شێوەیە «کتائب سيد الشهداء» بوو بە بەشێک لە هێزە ئەمنییەکانی عێراق، کاتێ لیوای ١٤ی سەر بە هێزەکانی حەشدی دامەزرا.( Porter, 22/11/2023) هەموو ئەمانە لەناو لیستی سزاکانی حکومەتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکان، ئەم گروپانە ڕکابەری یەکترن و هەریەک لە «کتائب حزب الله» و«عصائب أهل الحق» بە ئاشکرا لە ڕێگەی دوو حزبی سیاسی سەر بەخۆیان بەشدارن لە سیاسەتی عێراق. ئەو دوو حزبە بریتین لە "حركة حقوق" و"كتلة الصادقون" و ئەندامیان هەیە لەناو "چوارچێوەی هەماهەنگی شیعە"، ئەو کوتلەیەی، کە حزبە شیعەکانی کۆکردۆتەوە.(Smith, March 20, 2023)

لەگەڵ سەرهەڵدانی دەوڵەتی ئیسلامی لە ساڵی ٢٠١٤، میلیشیاکان بوونەتە پاڵپشتی پێویست لە هەڵمەتی نێودەوڵەتی بۆ تێکشکاندنی خەلافەتی ئیسلامی داعش. لەم بوارەدا نوری مالیکی فەرمانی جێبەجێکاری بەکارهێنا، دواتر لە ساڵی ٢٠١٦ دا یاسایەک دەرکرا، کە ڕێگە بە میلیشیاکان دەدات، چەک هەڵگرن و پشتگیری و پارە لە حکومەت وەربگرن.

تاران هەر لەسەرەتاوە یارمەتی بنیاتنانی جەیشی مەهدی (کە موقتەدا سەدر لە ساڵی حوزێرانی ٢٠٠٣ دایمەزراند، بەڵام ئەم میلیشیایە لە ساڵی ٢٠٠٨ هەڵوەشایەوە) و میلیشیاکانی کەتائیبی حیزبوڵڵای دەدا. ئەو دوو گروپە لەلایەن فەیلەقی قودسی سەر بە سوپای پاسداران سەرپەرشتی دەکران و لە دژی هێزەکانی هاوپەیمانان لە عێراق دەستیان بە ئۆپەراسیۆن کرد. لە ساڵی ٢٠٠٧، سوپای پاسداران (عصائب أهل الحق)ی لە ژێر سەرکردایەتی قەیس خەزعەلی دامەزراند.

لە مانگی حوزەیرانی ٢٠١٤ ڕێکخراوی تیرۆریستی داعش شاری موسڵ و سێ یەکی عێراقی داگیرکرد و لە موسڵەوە دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام جاڕدا، ئینجا ئێران هاوکار بوو لە دامەزراندنی حەشدی شەعبی. پاش ئەوەی لە ساڵی ٢٠١٧ ڕێکخراوی داعش لە ڕووی سەربازییەوە تێکشکێنرا و خاکی عێراق لە دەستی داعش ڕزگارکرا، شەرعییەتی ئەو میلیشیا چەکدارانە، کە لەژێر باڵی حەشدی شەعبی مانەوە، گرێدرا بە ڕزگارکردنی فەڵەستین، واتە لە چوارچێوەی بەرەی مقاوەمە بەمەبەستێکی دەرەکی، نەوەک ناوخۆیی عێراقی، چالاکییان ئەنجام دەدا.( عباس، ٢٠٢٤/١١/٣) چالاکییە سەربازییەکانی ئەم میلیشیانە تەنانەت لە دەرەوەی سنووری عێراقیش بووە، ئەوان لە سوریا بۆ پشتیوانیکردن لە ڕژێمی بەشار ئەسەد شەڕیان کردووە و دوای هێرشەکەی حەماس لە ٧ی تشرینی یەکەمی ٢٠٢٣، "بزووتنەوەی بەرگری ئیسلامی لە عێراق" پشتیوانی لە مقاوەمەی فەڵەستین لە کەرتی غەززە کرد و هێرشی کردە سەر هێزەکانی ئەمریکا لە سوریا و عێراق و بەرپرسیارێتی خۆی بەناوی بەرەی مقاوەمەی ئیسلامی لە عێراق

بۆ ئەو هێرشانە ڕاگەیاند. (Malik, 21/10/2023)

**٢-جەنگی ئیسرائیل دژ بە بەرەی مقاوەمە**

**٢-١- جەنگی ئیسرائیل و حەماس دوای ٧ی ئۆکتۆبری ٢٠٢٣**

دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسرائیل لە ساڵی ١٩٤٨ و نارازیبوونی وڵاتانی عەرەبی لەسەر ئەو دامەزراندنە و چارەسەرنەکردنی پرسی فەڵەستین بوون بە هۆکاری سەرهەڵدانی ناکۆکی و جەنگ لە نێوان هاوپەیمانێتی وڵاتانی عەرەب و دەوڵەتی ئیسرائیل. ئەم ناکۆکی و جەنگانە وایان لە ئیسرائیل کرد، بە بەردەوامی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەدوای مسۆگەرکردنی ئاسایشی خۆی بگەڕێت، بەڵام دوای شۆڕشی کۆماری ئیسلامی ئێران لە ساڵی ١٩٧٩ دروشمی دژە ئیسرائیل و زایۆنیسم لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست پەرەی سەند. کۆماری ئیسلامی ئێران توانی لەو ڕێگەیەوە هەژموونی خۆی فراوان بکات. لەهەمان کاتدا کۆماری ئیسلامی ئێران توانی لە ڕێگەی بەرزکردنەوەی دروشمی ڕزگارکردنی فەڵەستین پێگەی هەژموونی خۆی، بەتایبەتی لەناو هەندێ لە دەوڵەتانی ناوچەکە فراوانتر بکات، کە هەمان ستراتیژی دژە ئەمریکا و ئیسرائیلیان هەبوو. بۆیە ئێران بەرەی مقاوەمەی دامەزراند. لە بەرامبەردا ئیسرائیل تا پێش ڕووداوەکانی ٧ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٣ هەوڵی دەدا لە ڕێگەی بەکارهێنانی ئامرازی پەکخستن و جەنگی سنوردار وەڵامی فراوانخوازییەکانی ئێران بداتەوە. حکومەتی ئیسرائیل دوو ڕۆژ پاش ٧ی ئۆکتۆبەر و هێرشی تۆفانی ئەقسا حاڵەتی نائاسیی و جەنگی ڕاگەیاند و گەمارۆیەکی گشتگیری بەسەر کەرتی غەززە سەپاند و هەموو دەروازەکانی داخست و دابینکردنی کارەبا و ئاو و خۆراک و وزەی بۆ کەرتی غەززە بڕی، ئینجا وەکوو ئامادەکارییەک بۆ بۆمبارانکردنی غەززە فەرمانی چۆڵکردنی باکووری کەرتی غەززەی دا، کە لە ماوەی چەند ڕۆژێکدا جێ بەجێ بکرێت(الجزيرە،٢٠٢٤/١٠/١).

لە ٢٠ی تشرینی یەکەمی ٢٠٢٣، وەزیری بەرگری ئیسرائیل یۆئاڤ گالانت پلانێکی جەنگی لە غەززە ئاشکرا کرد، کە لە ٣ قۆناغ پێکهاتبوو:

قۆناغی یەکەم: لەناوبردنی چەکدارانی مقاوەمە و تێکدانی ژێرخانی حەماس. ئەم قۆناغە بۆمبارانی ئاسمانی قورس و هێرشی زەمینی بۆ سەر کەرتی غەززەی لەخۆگرت. قۆناغی دووەم: لەناوبردنی ناوچەکانی مقاوەمە و ئۆپەراسیۆنەکانی شەڕکردن بە خێراییەکی کەمتر لە قۆناغی یەکەم، لەگەڵ جەختکردنەوە لەسەر لێدانی ئامانجی دیاریکراو. قۆناغی سێیەم: دامەزراندنی سیستەمێکی نوێی ئەمنی لە کەرتی غەززە بۆ دابینکردنی ئاسایشی ئیسرائیل و ناوچەکانی دەوروبەری.(Gallant, Jan 4, 2024)

بەو شێوەیە ئیسرائیل تێڕوانینی خۆی لە لێبوردەییەکی نائاسوودەوە بەرامبەر کاریگەری ئێران لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست گۆڕی بۆ هەوڵدانێکی چالاکانە لەپێناو کۆتاییهێنان بەو دۆخە. ئیسرائیل تا ڕادەیەکی زۆر سەرکەوتوو بوو لە بێلایەنکردنی گەورەترین هەڕەشەی ئێران بۆ سەر ئاسایشی ئیسرائیل. بەو شێوەیە ئیسرائیل لە دەوڵەتێکەوە گەشە دەکات، کە دەورەدراوە بە دوژمن و ململانێ، بۆ دەوڵەتێ، کە بەدوای شەرعییەتی ناوچەکە دەگەڕێ لە پێناو داڕشتنی ئەجێندای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. پەیوەندییە باشەکانی ئیسرائیل لەگەڵ هەردووزلهێز، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و ڕوسیا، ئیسرائیل دەکاتە یاریزانێکی سەرەکی لە کۆتاییهێنان بە جەنگی سارد لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. ( Khatib, 15/12/2024)

ئیسرائیل خێرایی کوشتنی سەرکردەکانی مقاوەمەی زیادکرد، بۆ نموونە سەرۆکی پێشووی مەکتەبی سیاسی حەماس، ئیسماعیل هەنیە، لە ٣١ ی تەمووزی ٢٠٢٤ لە ئێران و جێگرەکەی ساڵح ئەلعاروری لە مانگی کانوونی دووەمی هەمان ساڵ لە لوبنان کوژران. لە ١٦ی تشرینی یەکەمی ٢٠٢٤، ئیسرائیل کوشتنی بەرپرسی سەربازی حەماس، یەحیا سینواری ڕاگەیاند.[8] (الجزيرە،٢٠٢٤/١٠/١)

---

[8] بەگوێرەی سەرچاوە فەرمییەکانی ئیسرائیل، هەتا ٢٥ی ئەیلولی ٢٠٢٤، ٧١٥ سەربازی ئیسرائیلی لەو شەڕەدا کوژراون و چوار هەزار و ٤٧٣ سەربازیش بریندار بوون (الجزيرە،٢٠٢٤/١٠/١)

ئەو هێرشە لە ناکاوەی حەماس، کە لە ٧ی تشرینی یەکەم ٢٠٢٣ لە ژێر ناوی "تۆفانی ئەقسا" کردییە سەر ئیسرائیل بووە مایەی گۆڕینی بنەڕەتی ژینگەی ستراتیژی ئیسرائیل و دیمەنی ستراتیژی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، چونکە شەڕێکی سەخت لەگەڵ ئیسرائیل هەڵگیرسا و دواتر بوو بە ڕووبەڕووبونەوەیەکی سنووردار، بەڵام ئەم پێشهاتە توندی لە نێوان ئیسرائیل و "بەرەی مقاوەمە" بە ڕابەرایەتی ئێران لێکەوتەوە. لە ساڵانی پێش جەنگ و بەتایبەتی لە ساڵی ٢٠١٨ەوە، حەماس هێزی سەربازی گەشەسەندووی خۆی سەرکەوتووانە بەکاردەهێنا بۆ ناچارکردنی ئیسرائیل تا پابەندبێت بە هەندێ سنوور و یاسا. سەرەڕای ئەوەش، حەماس ئیسرائیلی ناچارکرد لە ڕووی سیاسی و ئابووری، بە شێوەیەکی سنووردار بەڵام گرینگ، دەستبەرداری هەندێ ماف بێت، ئەمەش ئەو هەستەی لای حەماس دروستکرد، کە بەهێزە و هەر ئەم هەستە یارمەتیدەر بوو بۆ ڕەخساندنی هەلومەرجێ بۆ هێرشەکەی ٧ی تشرینی یەکەم.[9] (Sobelman, Aug 22, 2024)

بەڵام دواییی ٧ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٣ وهێرشی حەماس بۆ سەر ئیسرائیل و دوایی تێوەکلانی ئیسرائیل بە جەنگ وای کرد قوربانی و ئاوارە بوونی زۆری خەلکی مەدەنی لێ بکەوێتوە و لە لایەکی تریش حەماس تەنها وەکوو سێبەرێک ماوەتەوە. سەرکردە سەرەکییەکانی یەک لە دوای یەک کوژران و لەناوچوون، بۆ نموونە لە بەیروت ساڵح ئەلعاروری، لە تاران ئیسماعیل هەنیە، و لە ناو غەززە یەحیا سینوار، کە بە ئەندازیاری سەرەکی هێرشەکەی ٧ی تشرینی یەکەمی ٢٠٢٣ دادەنرێت و بە زەبری هێز حوکمی ناوچەکانی فەڵەستینی (غەززە) دەکرد. (الشرق الاوسط ، ٢٠٢٥/١/١٦)

## ٢-٢- جەنگی ئیسرائیل و حزبوڵڵای لوبنان

لە ٨ی تشرینی یەکەمی ٢٠٢٣، واتە ڕۆژێ دوای ئۆپەراسیۆنی لافاوی ئەقسا و دەستپێکردنی شەڕی ئیسرائیل بۆ سەر کەرتی غەززە، حیزبوڵڵا بەرەیەکی سەربازی سنووورداری لە دژی ئیسرائیل کردەوە لە کێڵگەکانی شەبعای ژێر دەسەڵاتی ئیسرائیل. حیزبوڵڵا هەر لەسەرەتاوە ڕوونی کردەوە، کە بەدوای ڕووبەڕووبوونەوەیەکی سەرتاسەری نییە، بەڵکو ئامانجی هەڵمەتێکی سنووردارە بۆ پشتیوانیکردن لە مقاوەمەی فەڵەستین لە کەرتی غەززە و جەختی لەوەش کردەوە، کە ئەم هەڵمەتە تەنها کاتێک ڕادەگرێت، ئەگەر ئیسرائیل شەڕی دەستدرێژی بۆ سەر کەرتی غەززە ڕابگرێت.[10] (المركز العربي للأبحاث و دراسة السياسات،٢٠٢٤/٧/٣)

سەرەتا هەردوولا پابەندبوون بە یاسای شەڕی سنووردار، کە بۆ ماوەیەک ڕەچاو کرا، جگە لە چەند حاڵەتێکی کەم، لەوانە کوشتنی جێگری سەرۆکی مەکتەبی سیاسی حەماس، ساڵح ئەلعاروری، لە مانگی کانوونی دووەمی ٢٠٢٤ لە باشووری بەیروت. لەو ماوەیەدا، ئیسرائیل نیگەران بوو لە کردنەوەی بەرەیەکی تری فراوان لەگەڵ لوبنان هاوتەریبی غەززە، لە هەمان کاتدا بەشێکی زۆری هێزەکانی لە کەناری ڕۆژئاوا هێشتەوە (بەلایەنی کەمەوە سێ فیرقەی سەربازی). بەڵام ئیسرائیل بەردەوام بوو لە زیادکردنی گرژییەکان کاتێ بۆی دەرکەوت حیزبوڵڵا حەزی لە فراوانبوونی شەڕ نییە.( المركز العربى للأبحاث ودراسة السياسات، ٢٠٢٤/٩/٢٩)

دوای هێرشەکەی حەماس بۆ سەر ئیسرائیل لە ٧ی مانگی تشرینی یەکەمدا، حەسەن نەسروڵڵا، ئەمینداری گشتی

---

[9] حەماس چاوەڕوانی ئەوەی نەدەکرد، ئەمریکا بەشدار بێت و پشتیوانی زۆری هەبێت بۆ ئیسرائیل، کە بریتیبوو لە ناردنی دوو کەشتی فڕۆکەهەڵگر بۆ ناوچەکەدا. بە پێچەوانەوە، بزووتنەوەکە پێشبینی دەکرد، واشنتن هێرشی پێچەوانەی ئیسرائیل بوەستێنێت. هەروەها حەماس بە هەڵە وای دانا، ئێران و بریکارەکانی لە ناوچەکە دەستێوەردانی سەربازی دەکەن بۆ ئەوەی نەهێڵێن ئیسرائیل هێرشی زەمینی ئەنجام بدات. حەماس هیوای خواست فەڵەستینییەکانی کەناری ڕۆژئاوا و عەرەبەکانی ئیسرائیل بۆ پشتیوانیکردنی حەماس خۆپیشاندان ئەنجام بدەن، ئەوە بوو خواستەکانی حەماس نەهاتە دی. ئەم هەڵە لە لێکدانەوەی ئەنجامدەرانی هێرشەکەی ٧ی تشرینی یەکەم ناکۆکی لە نێوان سەرکردەکانی حەماس دروست کرد، لە کاتێکدا دەبوو بیر لە هەنگاوەکانی داهاتوو بکەنەوە. (Orion, Dec 15, 2023)

[10] لە سەرەتای ڕووبەڕووبوونەوەکەوە ئیسرائیل ناوچە سنوورییەکان لەگەڵ لوبنان چۆڵکرد و نزیکەی ٨٠ هەزار کەسی ئیسرائیلی لەو ناوچانە گواستەوە، لە بەرامبەردا بۆردومانکردنی ئیسرائیل بۆ سەر گوند و شارۆچکەکانی سەر سنووری لوبنان وێرانکارییەکی بەرفراوانی لێکەوتووەتەوە و زیاتر لە ١٠٠ هەزار دانیشتووی ئەو ناوچانەی بۆ ناو لوبنان ئاوارە کرد. (المركز العربي للأبحاث و دراسة السياسات،٢٠٢٤/٧/٣)

حیزبوڵڵا، وتارێکی توندی پێشکەش کرد و ئیسرائیلی بە لاوازتر لە تۆڕی جاڵجاڵۆکە وەسفکرد و ئەو شەڕەی حەماسی بە "یەکلاکەرەوە لە مێژوودا" ناوبرد. بەهۆی هەڵمەتەکانی حیزبوڵڵا بۆ سەر ئیسرائیل، وەکوو بەشێک لە پشتیوانیکردنی مقاوەمەی فەڵەستین، ئیسرائیل بە ناچاری ناوچە سنوورییەکانی لەگەڵ لوبنان چۆڵ کرد لە دانیشتووانەکەی، نزیکەی ٨٠٠٠٠ ئیسرائیلی لەو ناوچەی سنووریانە دوورخستەوە بەمەبەستی درووستکردنی پشتێنەیەکی ئاسایشی لەناو سنووری وڵاتەکەی. لە بەرامبەردا بۆردومانەکانی ئیسرائیل بۆ سەر گوند و شارۆچکەکانی سەر سنووری لوبنان بووە هۆی وێرانکارییەکی بەرفراوان و ئاوارەبوونی زیاتر لە ١٠٠ هەزار دانیشتووانی لوبنانی ئەو ناوچە سنوورییانە بۆ ناوچەکانی دیکەی ناوخۆی لوبنان. (المركز العربي للأبحاث و دراسة السياسات،٢٠٢٤/٧/٣)

ئیسرائیل هەڵمەتێکی دژ بە سەرکردە و چەکدارە باڵاکانی حیزبوڵڵا دەستپێکرد و ئۆپەراسیۆنی تەقاندنەوەی ئامێرەکانی پایجەر بەدەست هەزاران سەرکردە و ئەندامی حیزبوڵڵا لە ١٧ و ١٨ ی ئەیلولی ٢٠٢٤ ئۆپەراسیۆنێکی گەورە و بێ هاوتا بوو، کە حیزبەکەی لە هەوڵی هەزاران ئەندامی مەشقپێکراوی بێبەش کرد. دواتر ئیسرائیل لە٢٠ی ئەیلولی ٢٠٢٤ هێرشێکی چۆنیەتی لە بەیروت دەستپێکرد و نزیکەی هەموو سەرکردەکانی یەکەی ڕەزوانی لە کۆبوونەوەیەکی نهێنیدا کوشت. "یەکەی ڕەزوان" نوێنەرایەتی هێزەکانی ئۆپەراسیۆنە تایبەتەکانی حیزبوڵڵای دەکرد، جگە لە کوژرانی نزیکەی ١٨ سەرکردەی سیاسی و سەربازی هێڵی یەکەم و دووەم، سکرتێری گشتی حزبوڵڵا حەسەن نەسروڵڵا کرایە ئامانج و کوژرا. کوشتنی نەسروڵڵا (کە بە کاریگەرترین کەسایەتی دادەنرێت، نە تەنها لەناو حیزبوڵڵا، بەڵکو لەناو زۆرێک لە شیعەکانی لوبنان، وەک سەرکردەیەکی ئاینی و جێگری ڕێبەری باڵای ئێران، ئایەتوڵڵا عەلی خامنەیی، لە لوبنان)، حیزبوڵڵای ناچار کرد هێرشی بەرفراوان ئەنجام بدات بۆ سەر ئیسرائیل، لە هەوڵی تۆڵەسەندنەوە و بەرگرتن لە هەوڵەکانی ئیسرائیل بۆ بەئامانج گرتنی سەرکردەکانی تری حیزبوڵڵا. (Young, sep 29, 2024 & Trendsresearch, Sep 29, 2024)

ڕەنگە هەندێ لە بۆچوون هەبن سەبارەت بە هەڵە ستراتیژیەکانی کە نەسرۆڵڵا کردوویەتی وەکوو، بەکەمزانینی ئیسرائیل و زیادەڕۆیی لە خەمڵاندنی هێزی ئێران و هاوپەیمانەکانی لە ناوچەکەدا. بەو شێوەیە حیزبوڵڵا نەیتوانی بەرگەی هێرشەکانی ئیسرائیل بگرێت بۆ سەر باشووری لوبنان، بۆیە پاش چەند مانگێک لە ئۆپەراسیۆنی سەربازی نێوان هەردوولا لەسەر پشتیوانی حیزبوڵڵا لە بەرەی غەززە پاش ئۆپەراسیۆنی لافاوی ئەقسا لە ٢٧ی تشرینی دووەمی ٢٠٢٤، ڕێکەوتنی ئاگربەست لە نێوان حیزبوڵڵا و سوپای ئیسرائیل کەوتە بواری جێبەجێکردنەوە. پاش ئەوە سەرۆکی ئەمەریکا جۆ بایدن ڕێکەوتنەکەی ڕاگەیاند و گوتی ئامانج لێی وەستاندنی شەڕەکانە بۆ هەمیشە. ئەم ئاگربەستە لەلایەن کابینەی ئاسایشی ئیسرائیل و سەرکردایەتی حیزبوڵڵاوە پەسەندکرا و لەلایەن حکومەتی کاربەڕێکەری لوبنان، نەجیب میقاتی، پێشوازیی لێکرا.(الجزيره نت، ٢٠٢٤/١١/٢٨)

### ٣- ڕووخانی ڕژیمی ئەسەد و کاریگەری لەسەر پێگەی ئێران و میلیشیاکانی عێراق

### ٣-١- کاریگەری لەسەر پێگەی ئێران

هاوپەیمانێتی سیاسی نێوان هەردوو ڕژێمی تاران و دیمەشق بریتی بوو لە پشتیوانی بەردەوامی سیاسی سوریا بۆ ئێران لە هەڵوێستە سیاسییە جیاجیاکانی ئێران لە ناوچەکە و لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی، کە نیشان دەدرا، بەتایبەتی لە بەرامبەر ئەو نەیارانەی کە چەندین ساڵ بوو بە "نەیارانی ناوچەیی" تاران ناوزەد دەکران. لەلایەکی ترەوە، ڕژێمی ئەسەد گرینگترین ئەڵقە بووە لە زنجیرەی پەیوەندی نێوان "بەرەی مقاوەمە" کە ئێران زیاتر لە ٤٠ ساڵە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا پاڵپشتی دەکات و لە ئێرانەوە تا باشووری لوبنان درێژ دەبێتەوە. ڕژێمی پێشووی سوریا یارمەتی گواستنەوەی چەک و لۆجستی بۆ حیزبوڵڵای لوبنانی فەراهەم دەکرد. (يورونيوز فارسی، ٢٠٢٤/١٢/٨)

کۆتایی هاتنی حوکمی ٥٤ ساڵەی بنەماڵەی ئەسەد لە ٨ی کانوونی یەکەمی ٢٠٢٤ ئاماژەیە بە گۆڕانکاریەکان لە سیستەمی هەرێمیدا، کە تا دەیان ساڵی داهاتوو هەستی پێدەکرێت. هەروەک چۆن ساڵی ١٩٨٩ ڕژێمەکان وەکوو

زنجیرە پوولی دۆمینە لە پۆڵەنداوە تا هەنگاریا، ئەڵمانیای ڕۆژهەڵات و شوێنەکانی تر یەک لە دوای یەک کەوتن، ڕووخانی ڕژێمی سوریا بەشێکە لە زنجیرەیەک ڕووداو لەوانە لەناوبردنی حیزبوڵڵا لەلایەن ئیسرائیلەوە، لەدەستدانی هێزە بریکارەکانی ئێران و لاوازبوونی ڕوسیا بەهۆی ئەو جەنگەی کە لە ئۆکرانیا دەستی پێکرد. چۆن ساڵی ١٩٨٩ کۆتایی بە کۆمۆنیزم لە ئەوروپا هات، هەڵهاتنی ئەسەد بۆ مۆسکۆ ئاماژەیە بە لاوازبوونی ئایدیۆلۆژیای بەرگری دژە ڕۆژئاوا و دژە ئیسرائیل لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. بنەماڵەی ئەسەد بۆ ماوەی زیاتر لە نیو سەدە بڕبڕەی پشتی سیستەمێکی سیاسی پێکهێنابوو لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، لەناو ئەو سیستەمە سیاسییە بلۆکی دەوڵەت خۆی وەکوو بەرهەڵستکارێک دەبینی بەرامبەر ئەوەی کە پێی دەگوت ئیمپریالیزمی ڕۆژئاوا و زایۆنیزم. دەستبەسەرداگرتنی ململانێی ئیسرائیل و فەڵەستین ئامرازێکی کاریگەر بوو بۆ کۆکردنەوەی جەماوەر لە سەرانسەری ناوچەکە، بۆ داواکردنی دادپەروەری بۆ فەلەستینیەکان. لە ڕاستیدا، ئەم ڕژێمانە زۆر کەم گرنگییان بە فەڵەستینییەکان دەدا. لەناو ئەم بلۆکەدا، سوریا و ئێران باوەڕیان وابوو، چوونەتە ناو هاوپەیمانێتییەکی هەمیشەیی و سوودبەخش بۆ هەردوولا و هەریەکەیان پێیان وابوو، ئەوان باڵادەستن. سوریا بۆ ئێران زۆر گرینگ بوو، چونکە سوریا کەوتبووە ناو دڵی پردی وشکانی نێوان ئێران و دیارترین بریکارەکەی، کە حیزبوڵڵا بوو لە لوبنان، لە کاتێکدا سوریا نزیکبوونەوەی لەگەڵ ئێران وەک ڕێگەیەک دەبینی بۆ بەهێزکردنی پێگەی خۆی بەرامبەر ئیسرائیل و بەهێزکردنی هەژموونی خۆی لە لوبنان. (Khatib, 15/12/2024)

ڕووخانی ڕژێمی ئەسەد گورزێکی گەورەی لە بەرەی مقاوەمە بە سەرکردایەتی تاران دا، چونکە سوریا ماوەیەکی زۆرە بە بەردی بناغەی ستراتیژی ئێران بۆ فراوانکردنی هەژموونی ئێران لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دادەنرا. تاران بە ڕووخانی ئەسەد تاکە رژێمی عەرەبی هاوپەیمانی لەدەست دا و ئەو هێڵە زەمینییەی، کە سوپای پاسدارانی بە لوبنان دەبەستەوە و بە دیمەشقدا تێپەڕدەبوو کوتایی هات، ئەگەر چی ڕێگەی تری بە قاچاخ بردنی چەک بۆ حیزبوڵڵا بەسوودوەرگرتن لە بوونی ئێران لە عێراقدا وەردەگیرا. لە تەنیشت ئەوەشەوە ئێران زیانی ئابووری گەورەی بەرکەوت، چونکە وەبەرهێنانێکی گەورەی لە ژێرخانی سوریا و کەرتە جۆراوجۆرەکانی ئابووری لەدەستدا.(Ahmed, Dec 2, 2024)

ڕژێمی تاران بەبێ سوریا و ڕوسیا ڕووبەڕووی بلۆکێکی بەهێزی ڕۆژئاوا دەبێتەوە. گەلی ئێران بۆی دەرکەوتووە، ڕژێمەکەی قوربانییەکی بێ سوودی داوە. زیانی ئەم قوربانیدانەی تەنانەت لە ڕێگەی پەرەدان بە بەرنامە ئەتۆمیەکەشی چاک ناکرێتەوە. ئەمەش خۆی لە خۆیدا هەڕەشەیەکی گەورەیە بۆ مانەوەی کۆماری ئیسلامی، هەر ئەمەش لەوانەیە گەورەترین دەرئەنجامی ڕووداوەکانی سوریا بێت.  ڕووخانی ئەسەد کاریگەری لەسەر لوبنان و عێراق و یەمەنیش هەیە، چونکە بریکارەکانی ئێران لە ئێستادا بەبێ شادەمارێکی گرینگ ماونەتەوە. بەتایبەتی لە لوبنان، ئەو تەوژمە سیاسییەی، کە بەهۆی لەناوبردنی حیزبوڵڵا لەلایەن ئیسرائیلەوە دروست بوو، خێراتر بووە، چونکە نەمانی پردی وشکانی بۆ ناردنی چەک لە ئێرانەوە گرفتێکی گەورەی بۆ حیزبوڵڵا درووست کرد. لاوازبوونی لەناکاوی ئێران، کە پێشتر خۆی بە هۆی گەمارۆکانی ئەمریکا لاواز بوو، مانای ئەوەیە بریکارەکانی تاران لەوانەیە گومان لە ئێران بکەن، کە متمانەپێکراویان بوو بۆ پشتیوانیکردن.( Khatib, 15/12/2024) ئێران بنکەیەکی سەرەکی بۆ فراوانخوازی لە ناوچەکە و بنکەیەکی پشتیوانی سەرەکی بۆ هاوپەیمانەکانی لە بەرەی مقاوەمە لەدەست دەدات، لەوانە حوسییەکان و میلیشیاکانی حەشدی شەعبی عێراقی.

لەبەر ئەوەی حیزبوڵڵا پشتی بە سوریا دەبەست، وەکوو ترانزێت بۆ وەرگرتنی ئەو چەکانەی، کە لە ئێرانەوە هەناردەدەکران، نەمانی ڕژێمی ئەسەد زیانێکی گەورە بوو بۆ حیزبوڵڵا. سەرەڕای ئەوەش، میلیشیاکانی حیزبوڵڵا پێش ڕوخانی ڕژێمی بەشار ئەسەد کەمپی مەشق و ڕاهێنانیان هەبوو لەو وڵاتە و چەکیان لەسەر خاکی سوریا عەمبار دەکرد.(Sullivan 2014: 4 ) حیزبوڵڵا بۆ ئێران لە سوریا هاوبەشێکی ناوچەیی گرینگ بوو و بە چڕی لەگەڵ فەیلەقی قودسی سەر بە سوپای پاسداران کاری دەکرد و پشتیوانی لە میلیشیاکانی سەر بە ئێران لە سوریا دەکرد.(Fulton 2013 21-22) کەواتە سوریا ئەڵقەی سەرەکی گواستنەوەی ئەو چەک و کەرەستانە بوو، کە لە

ئێرانەوە بۆ حیزبوڵڵای لوبنان دەنێردرا و حیزبوڵڵای لوبنان بەهۆی هەڵکەوتەی جوگرافییەوە لەگەڵ ئیسرائیل گرنگترین بریکاری ناوچەیی تاران بوو. لەماوەی ١٠ ساڵی ڕابردوودا سوریا نە تەنها بازنەی پەیوەندی، یان هاوپەیمانی سیاسی ڕژێمی ئێران بووە، بەڵکو درێژکراوەی کاریگەری سەربازی تاران بووە لە عێراقەوە بەرەو سوریا، کە بە درێژایی چەندین ساڵ وەکوو قەڵایەکی گرینگی ئێران دەبینرا، ئێران لەکاتی جەنگی ناوخۆیی لە سوریا بە ئامادەبوون و بڵاوەپێکردنی دەیان میلیشیای چەکدار لەناو خاکی سوریا بوو بە گرنگترین ڕکابەری ناوچەیی و نێودەوڵەتی بۆ هێزە دەرەکییەکان، کە لە ڕووی سەربازییەوە لە سوریا بوونیان هەبوو، لە هەمان کاتدا ئێران کاریگەری لەسەر بڕیاردان لە دیمەشق هەبوو.(Rubin, Dec 8, 2024 ) بە واتایەکی تر دەیان ساڵ بوو ڕژێمی سوریا هاوپەیمانێکی سیاسی بەهێزی تاران بووە لە هەڵوێست و ململانێ ناوچەییەکانی، ئەم هاوپەیمانێتییە خۆی لە پشتگیری دیمەشق بۆ ئێران لە جەنگی هەشت ساڵەی عێراق (١٩٨٠-١٩٨٨) بەرجەستەکرد. سوریا تاکە وڵاتی عەرەبی بوو، کە بە ئاشکرا و بەرفراوان پشتگیری ئێرانی دەکرد و یەکێک لە دیارترین شێوەکانی بڕینی ئەو بۆڕییە نەوتانەی عێراق بوو، کە بۆ ئەوروپا درێژ دەبووە و داهاتێکی زۆری بۆ ڕژێمی سوریا پەیدا دەکرد، بەڵام دیمەشق بۆ پشتیوانی کردنی تاران وازی لەو سوودە هێنا.( عاطف، ١٢/١٦/ ٢٠٢٤)

لەگەل لە دەستدانی گرنگترین ئەڵقەی سیستەمی "بەرەی مقاوەمە"، کە تاران پاڵپشتی دەکرد ئێران توانای ئەوەی نەما، لە عێراقەوە چەک و لۆجیستی پێویست بگوازێتەوە بۆ حزبوڵڵا لە سوریا و لوبنان. هەروەها ئیتر ئێران لە باشووری سوریاوە لە ڕێگەی باڵە چەکدارەکانی، کە لەسەر خاکی سوریا بوون، توانای هەڕەشەکردنی لە ئیسرائیل نەماوە. گرینگترینیان خودی گروپەکانی سوپای پاسداران بوون، کە ئیسرائیل بە بەردەوامی دەیانیکردە ئامانج. لە هەمان کاتدا، ڕووخانی ڕژێمی ئەسەد شکستێکی گەورە بوو بۆ بوونی سەربازی ئێران لە ناوچەکە. کەواتە ڕووخانی ڕژێمی ئەسەد پاشەکشەی بە کاریگەری ئێران کرد لە ناوچەکە و هەڕەشەی داخورانی ئەو کاریگەرییەش هەیە لە داهاتوودا.( عاطف، ١٢/١٦/ ٢٠٢٤)

### ٣-٢- کاریگەری لە سەر میلیشاکانی عێراق

هەرچەندە کاریگەری هەیە لەسەر پێگەی ئێران و لاواز بوونی، بەڵام میلیشیا عێراقییەکانی، کە لە ناو بەرەی مقاوەمەی سەر بە ئیرانن چۆن دەتوانن خۆیان لە ئالنگارییەکانی ناوچەکە بپارێزن، کە دەبینین دوای ڕووخانی ڕژێمی ئەسەد گروپە چەکدارە شیعەکان لە عێراق بۆ مانەوەی خۆیان هەوڵ دەدەن و لە سەر ئاستی ناوخۆیی و ناوچەیی کاردەکەن. پێش ڕووخانی ڕژیمی ئەسەد ئەم گروپانە هەوڵیاندا بە بیانووی جەنگی دژ بە تیرۆر، واتا داعش، لە پاڵ دەسەڵاتی ئەسەد بن و پشتگیری ڕژێمەکەی بکەن، تاوەکوو تیرۆر نەگاتە ناو خاکی عێراق. بەڵام لە ڕاستیدا ئەم گرۆپانە لە ناو "بەرەی مقاوەمە"ی ژێر چەتری کۆماری ئیسلامی ئێران چالاکییان ئەنجام دەدا. بە هاتنی "هەیئەت تەحریر ئەلشام" بۆ سەر دەسەلات لە دیمەشق پێگەی ئەم گرۆپانە لەناو بەرەی مقاوەمە لە سوریا بە شێوەیەک لاواز بوو، تا وای لێهات پاشەکشە بکەن بۆ ناو خۆی عێراق.

دوای گۆڕانکاری لە سیستەمی سیاسی سوریا و هاتنی دەسەڵاتێکی نوێ بۆ سەر دەسەڵات لەو وڵاتە لە عێراق ڕاو و دەربڕینی جیاواز سەبارەت بە گۆڕانکاری لە سوریا درووست بوو، بۆ نموونە بزووتنەوەی نوجەبا و کەتایبی حزبوڵڵای عێراقی هەر لە سەرەتاوە دژایەتی خۆیان بۆ دەسەڵاتی نوێ لە سوریا ڕاگەیاند و هەڵوێستی خۆیان لەسەر هاتنی "هەیئەت تەحریر ئەلشام" بۆ سەر دەسەلات دەربڕی، گوایە ئەم دەسەڵاتە نوێیە دەبێتە مایەی مەترسی و هەڕەشە بۆ سەر سەقامگیری لە عێراق. نیگەرانییەکانی ئەو دوو گروپە لەو سۆنگەیەوە بوو، کە سوریا چەندین ساڵە وەکوو ڕێڕەوێ بەکارهێنراوە بۆ بەهێزکردنی پێگە و سیاسەتەکانی ئێران لە ناوچەکە، کە گواستنەوی چەک و تەقەمەنی بۆ حیزبوڵڵا و حەماس دژ بە ئیسرائیل لەو وڵاتەوە بوو. لە دیدی ئەوانەوە دوای ئەم گۆڕانکاریانە ئیتر ئەم ڕێڕەو و ئەم پێگەیە بە تەواوی نەما. پەیوەندییە خێراکان و هەڵسوکەوتی وڵاتانی هەرێمی و نێودەوڵەتی لەگەڵ واقیعی نوێ لە سوریا ئالنگارییەکی گەورەی بۆ گروپەکانی سەر بە ئێران لە عێراق دروست کرد، چونکە وڵاتانی عەرەبی و چەند وڵاتێکی ئەوروپا و ڕۆژئاوا، بە تایبەتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، بە گەشبینییەکی

هۆشیارانەوە دەیانڕوانییە پەرەسەندنەکان لە سوریا. بەتایبەت کە پێداچوونەوە بکرێ بە ناساندنی "هەیئەت تەحریر ئەلشام" وەکوو ڕێکخراوێکی تیرۆریستی.(Emirate policy center, Jan 9, 2025)

کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی خوازیارە، لە ڕێگەی پرۆسەیەکی سیاسی دەسەڵاتێکی نوێ لە سوریا بۆ قۆناغی ڕاگوزەری دابمەزرێ، تا دەگاتە ئەوەی دەستورێکی دیموکراتی دادەنرێ، ئەمەش پێگەی میلیشیا چەکدارەکان لە عێراق ئاڵۆزتر دەکات. تێوەگلانی ئەو میلیشیانە لە لاوازکردنی ئەو پرۆسەیەی سوریا بە دژایەتیکردنێکی زەقی لایەنە پەیوەندییدارەکان لە جیهان، بە تایبەتیش ئەمریکا، ئەژمار دەکرێ. دیارە ئەو شێوە کردارانە لەگەڵ هەڵوێستی حکومەتی عێراق یەک ناگرێتەوە، کە بەفەرمی پابەندبوونی خۆی بۆ هەوڵە نێودەوڵەتی و هەرێمییەکان بە مەبەستی گەڕانەوەی سەقامگیرکردنی بۆ سوریا ڕاگەیاندووە.( العوادي، ٢٠٢٤/١٢/٨)

هەرچەند کاریگەری ئیران و میلیشاکانی لەناو پرۆسەی سیاسی عێراق بەرجەستەیە و ڕەنگە ئەو لێدوانە جیاوازانەی نیوان میلیشاکان و خودی حکومەتی عێراق دەرخەری ئەو جیاوازاییە بێت لە تێروانینی ئەوان سەبارەت بە پێشهاتەکان و ڕووداوەکانی سوریا، بۆ نموونە حکومەتی عێراق لە ٢٦ ی کانوونی یەکەمی ٢٠٢٤ شاندێکی ئەمنی بە سەرۆکایەتی حەمید شەتاری، سەرۆکی دەزگای هەواڵگری عێراق، بۆ دیمەشق نارد. شاندەکە بۆ تاوتوێکردنی پرسە سەرەکییەکانی گرینگی هاوبەش لەگەڵ ئەحمەد ئەلشەرع کۆبووە، بەتایبەتی بابەتی ئاسایشی سنوور و شەڕی دژی داعش تاوتوێ کران. لە ڕێگەی ئەم سەردانە جەخت لەسەر نیازەکانی بەغدا بۆ هاوکاریکردنی ئیدارەی نوێی سوریا و بەهێزکردنی هاوپەیمانێتی لەگەڵ هەوڵەکانی سەقامگیرکردنی نێودەوڵەتی کرایەوە. (هەمان سەرچاوە)

ئایەتوڵلا عەلی سیستانی لە دوا کۆبوونەوەی لەگەڵ محەمەد حەسەن، نوێنەری نەتەوەیەکگرتووەکان لە عێراق ڕایگەیاند، پێویستە هەڵگرتنی چەک تەنها لە چوارچێوەی دەوڵەت سنووردار بکرێت. (ئایەتوڵلا سیستانی، ٢٠٢٤/١١/٤)

ئەم لێدوانەی سیستانی لە لایەن حکومەت و چوارچێوەی هەماهەنگی، کە کوتلەی دەسەڵاتدارە لە پەرلەمان، بە ئاشکرا پشتگیری لێکرا. هەمان هەڵوێست لەلایەن پارتە سیاسی و پەرلەمانییەکانی ترەوە دووپات کرایەوە و گۆشەگیریی ئەو فراکسیۆنانەی، کە پشتگیری میلیشیاکان دەکەن زیاتر کرد. لە لایەکی ترەوە گەورەترین ئالنگاری لەبەردەم میلیشیا چەکدارەکانی شیعە لە عێراق لەناو خودی عێراقدایە، چونکە دینامیکییەتی ناوخۆیی تادێت ئاڵۆزتر دەبێت و دەبێتە مایەی هەڕەشە لەسەر بوونیان، بەواتای هەڵوەشاندنەوەیان، بەڵام ئەگەر ئەم میلیشیانە لە ڕێگەی حکومەتی عێراقەوە ئاوێتە بکرێن لە ناو سوپا و دام و دەزگا ئەمنییەکان، ئەوەش هەر دەبێت بە گرفتێ، چونکە ژمارەی ڕاستەقینەیان دەردەکەوێت (Abdullah, Feb 17, 2025) بەهۆی ئەوەی گرووپە چەکدارەکانی حەشدی شەعبی ژمارەی راستەقینەیان دیار وئاشکرا نییە، ئەگەر چی لە بودجەی دارایی ساڵی ٢٠٢١ ئاماژە بە ١٢٢ هەزار چەکداری ئەم گروپە کراوە، بەڵام هێشتا گروپی زۆری تری چەکدار هەن، کە دەستەی حەشدی شەعبی ژمارەیانی ئاشکرا نەکردووە، تەنانەت وزارەتی بەرگری و ئەنجوومەنی ئاسایشی نیشتمانی عێراقیش لە قسەکردن سەبارەت بە پێکهاتە و ژمارەی ڕاستەقینەی ئەندامانی گروپی حەشدی شەعبی خۆیان بەدوور دەگرن.(رسول، ٢٠٢٣، ل. ١٠٣-١٠٤) لەهەمان کاتیشدا خودی ئەو گروپە میلیشیانە لەسەر بابەتی ئاوێتەکردنیان یان هەڵوەشاندنەوەیان ڕێک نەکەوتوون. هەرچەند پێویستە چارەنووسی خۆیان یەکلابکەنەوە، ئەگەر نا، ئەوا ڕووبەڕووی سزا قورسەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەبنەوە (Abdullah, Feb 17, 2025)

**٣-٢-١- گۆشارەکانی ئەمریکا**

ترامپ لە ماوەی سەرۆکایەتی یەکەمی (٢٠١٧-٢٠٢١) بە پەیرەوکردنی سیاسەتی ئەوپەڕی سزاکان دژ بە ئێران مەبەستی بوو هەژموونی ئێران کەم بکاتەوە، بەتایبەتی ڕێوشوێنی توند بگیرێتە بەر بۆ پچراندنی پەیوەندی لەگەڵ عێراق، کە بە درێژەکراوەی هەژموونی ئێران لە ناوچەکە ئەژمار دەکرێت. تیمی بەڕێوەبردنی سیاسەتی دەرەوە لە ئیدارەی نوێی ترامپ هەڵوێستی بەرامبەر بە ئێران نەرێنییە و بە گومانە لە حزبە ئیسلامییە شیعەکانی عێراق. بۆیە پێشبینی دەکرێت ئیدارەی نوێ بە کردار زنجیرەیەک سزا ئامادە بکات و گوشار بخاتە سەر ئەو کوتلانەی، کە لەژێر

کاریگەری و هەژموونی ئێرانن. مەبەست لەو کردارە بەئامانجگرتنی میلیشیا چەکدارەکان و حەشدی شەعبی و دامەزراوە سەرەکییەکانی تر وەکوو بانکی ناوەندی عێراق و ئەنجومەنی باڵای دادوەری و کۆمپانیای سۆمۆ بۆ بەبازاڕکردنی نەوت. (Emirate policy center, Jan 9, 2025)

سروشتی تەواوی ئەم سزایانە وردە وردە دەردەکەون و بە تێپەڕبوونی کات زیاتر دەبن یاخۆد خێرا و گشتگیر دەبن. گرووپە چەکدارەکان لەوانەیە ببنە تەوەری سەرەکی سزاکانی ئەمەریکا. ئەمە بەتایبەتی لەبەر ڕۆشنایی ئەو ڕاپۆرتانە ڕاستە کە باس لەوە دەکەن، کە هەڕەشەی ڕاستەوخۆی ئەمەریکا بە حکومەتی عێراق گەیاندووە، سەبارەت بە بەئامانج گرتنی ئەو لایەنانە. ( عربی ٢١، ٢٠٢٤/١٢/٢٠) تەحەدایەکی تر کە ڕووبەڕووی گرووپە چەکدارەکانی عێراق دەبێتەوە ئەوەیە، ئیسرائیل هێرشی ئاسمانی دەکاتە سەر پێگەکانیان. ئەم هێرشانە لە ئاکامی پشتیوانی فراوانی "بەرەی مقاوەمە"یە بۆ حەماس لە دوای ئۆپەراسیۆنی لافاوی ئەقسا.( العربیه، ١١/١٨/ ٢٠٢٤) دەستیۆەردانی ئیدارەی بایدن کاریگەری هەبووە لە دواخستنی ئەو هێرشانە،

چونکە ئەو ئیدارەیە تێگەیشتنی جیاوازی هەیە بۆ ئاڵۆزییەکانی ناوخۆی عێراق، کە لەژێر کاریگەرییەکی بەرچاوی ئێران دایە. لە بەرامبەردا، ئیدارەی ترامپ پێناچێت هەمان ئاستی پشووودرێژی ئیدارەی بایدن نیشان بدات.( MEO, 06 /11 /2024) مارۆکۆ ڕۆبیۆ، وەزیری دەرەوەی ئەمریکا، لە سەردانێکی بۆ ئیسرائیل لە ١٦ی شوباتی ٢٠٢٥ بە فەرمی باسی کرد، کەوا ڕێبەری کۆماری ئیسلامی و ڕژێمەکەی بابەتی هاوبەشی پشت هەموو ئالنگارییەکان و سەرچاوەی ناسەقامگیرین لە ناوچەکە و لە پشت هەموو گرووپێکی تیرۆریستین. ئەو پێی وایە، بابەتی هاوبەش لە پشت حەماس و حیزبوڵڵا و توندوتیژی لە کەناری ڕۆژئاوا و ناسەقامگیری لە سوریا و میلیشیاکان لە عێراق، ئێرانە و دەبێت چارەسەر بکرێت.(Rubio, Feb 16, 2025)

تیمی سیاسەتی دەرەوەی ترامپ کە بە هەڵوێستی توندی دژە ئێران ناسراوە، لە مێژوودا نوخبەی سیاسی فەرمانڕەوای عێراق وەک هاوبەشێک دەبینێت لە ئاسانکاریکردن بۆ سەپاندنی هەژموونی ئێران بەسەر وڵاتێکدا کە بە هاوپەیمانی ئەمەریکا دادەنرێت. ئەم تێڕوانینە ئاماژە بەوە دەکات کە ئیدارەی ترامپ زیاتر دەیەوێت ئازادی بدات بە ئیسرائیل بۆ ئەنجامدانی هێرش لەناو عێراقدا، بە ئامانجی هەڵوەشاندنەوەی کاریگەری ئێران. سەرەڕای ئەوەش ئیدارەی بایدن لە مانگی تشرینی دووەمی ٢٠٢٤ ڕایگەیاند کە هەوڵی داوە ڕێگری لە ئیسرائیل بکات لە ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنی سەربازی لە عێراق لە وەڵامی هێرشەکانی گروپەکانی سەر بە مقاوەمە، بەڵام لەژێر ئیداری ترامپ ئاماژەی ئاشکرای هەیە، ئەگەر ئیسرائیل هێرش لە ناو عێراق ئەنجام بدات، واشنتۆن ڕێگری نەکات. ( Emirate policy center, Jan 9, 2025)

دیداری بنیامین ناتانیاهۆ لەگەڵ دۆناڵد ترامپ لە ٤ی شوباتی ٢٠٢٥ لە کۆشکی سپی لە واشنتۆن و ئەو پەیامانەی، کە دوای ئەو دیدارە لە ڕێگەی میدیاکانەوە بڵاوکرانەوە دەرخەری خەسڵەتەکانی جوگرافیای سیاسی و سەربازی نوێی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستن، کە ئەمەریکا و ئیسرائیل لەسەری ڕێککەوتوون. یەکێک لە توخمە سەرەکییەکانی بریتی دەبێت لە سنووردارکردنی هەژموونی ئێران و بڕینی چەکی بریکارە ناوچەییەکانی، هەروەها لێدانی حەماس و هەڵوەشاندنەوەی پێکهاتەی ڕێکخراوەیی و سەربازی و سیاسی ئەو ڕێکخراوە و دواتر لاوازبوونی حیزبوڵڵا و لاوازکردن و سنووردارکردنی میلیشیاکانی ئێران و کەوتنی سوریا و هەڵهاتنی بەشار ئەسەد دەبنە ئاماژە بۆ لاوازبوونی میلیشیا شیعەکانی عێراق (The Whitehouse, Feb 5, 2025)

**٣-٢-٢-داهاتووی گرۆپە چەکدارەکانی عێراق**

دیارە خەسڵەتەکانی جوگرافیای سیاسی و سەربازی نوێی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، کە ئەمەریکا و ئیسرائیل لەسەری ڕێککەوتوون، تا ڕادەیەک دەرکەوتووە و توخمێکی سەرەکی ئەو خسڵەتانە سنووردارکردنی هەژموونی ئێران و بڕینی باڵە هەرێمییەکانێتی. یەکەم ڕووداو لێدان و هەڵوەشاندنەوەی پێکهاتەی ڕێکخراوەیی و سەربازی و سیاسی حەماس بوو و دواتر تێرۆرکردنی سەرانی حیزبوڵڵا ولاوازبوونی بوو، ئینجا لاوازکردن و سنووردارکردنی میلیشیا

وەلائییەکانی سەر بە ئێران، دواتر ڕووخانی ڕژێمی بەشار ئەسەد لە سوریا و هەڵهاتنی بوو، لە ئێستادا لێدانی حوسییەکان لە یەمەن بەردەوامە، بۆیە ئێمە پێشبینی هەندێ بابەت دەکەین بۆ گروپە چەکدارەکان لە عێراق.

یەکەم : هەڵوەشاندنەوەی گرۆپە چەکدارەکان

هەڵوەشاندنەوەی گروپە چەکدارەکانی عێراق یەک لە ئەگەرەکانە، کە دەکرێت لە ڕێگەی کۆمەڵە هەنگاو و بڕیارێکی کرداری حکومەتی عێراق و پاڵپشتی و پشتیوانی دەسەلاتی ئایینی لە نەجەف، یان لە ڕێگەی فشاری جددی ئیدارەی ترامپ ڕووبدات. ئەگەری ڕوودانی ئەم گریمانەیە هەیە، بەهۆی لاوازبوونی بەرەی مقاوەمە و بڕینی هاوکارییەکانی ئێران و زیادبوونی نیگەرانییەکان لە عێراق سەبارەت بە ئەگەری سەپاندنی سزاکان لە لایەن ئەمریکاوە.

دووەم: گرۆپە چەکدارەکان ملکەچی گوشارە دەرەکییەکان دەبن

گرووپە چەکدارەکان لەگەڵ پشتیوانە ئێرانییەکانیان لەوانەیە بڕیار بدەن ستراتیژی خۆیان لەگەڵ دۆخە نوێیەکە بگونجێنن بۆ مسۆگەرکردنی مانەوەی خۆیان، وەکوو هەوڵدان بۆ ڕاگرتنی هێرشکردنە سەر ئیسرائیل، کە بەرەو هەڵوێستێکی خۆپارێزی و کەمتر ڕووبەڕووبوونەوە بڕۆن. ئەم گۆڕانکارییە لەوانەیە ڕاگەیاندنێکی فراوانتر بگرێتەوە بۆ ڕاگرتنی هێرش و پێکاندنی هێزەکانی ئەمەریکا و دوورکەوتنەوە لە ئۆپەراسیۆنەکانی سەر سنوور و خۆ بەدوورگرتن لە بەشداریکردن لەو هەوڵانەی، کە بۆ لاوازکردنی حکومەتی نوێی سوریا ئەنجام دەدرێت. ئەم ئەگەرە تا ڕادەیەک گونجاوە، بەتایبەتی ئەگەر ئیدارەی ترامپ سیاسەتێکی بەهێز و یەکلاکەرەوە نەگرێتەبەر بۆ هەڵوەشاندنەوەی لایەنەکان. هەرچەندە ئەو لایەنانە لەوانەیە دژ بە هەوڵەکانی حکومەتی عێراق یان نوخبەی سیاسی بوەستنەوە، کە کار بۆ بۆ هەڵوەشاندنەوەیان دەکەن، بەڵام بەرهەڵستکارییەکانیان بە هۆی فەتواکانی ئایەتوڵڵا سیستانی یان بە هۆی فشاری زۆری ئەمەریکا تێکدەشکێت.

سێیەم: دووبارە داڕشتنەوەی حەشدی شەعبی

عێراق دەتوانێت بە یەکخستنی گروپە چەکدارەکان لە ژێر فەرمانی دیوانی (٣٣١) ی ساڵی ٢٠١٩ بەرەو دووبارە پێکهێنانی حەشدی شەعبی هەنگاو بنێت. ئەم فەرمانە لە سەردەمی سەرۆک وەزیران عادل عەبدولمەهدی لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە دەرچووە و هەوڵی پرۆفیشناڵکردنی حەشدی شەعبی و تێکەڵکردنی تەواوی بە دامەزراوەی سەربازی عێراقی دەدات و تایبەتمەندی حزبی و سیاسی لێ دادەماڵێت.(الشرق الاوسط٢/ ٧/ ٢٠١٩)

هەرچەندە ئەم بڕیارە بەهۆی سەرهەڵدانی خۆپیشاندانەکانی ئۆکتۆبەری ٢٠١٩ هەرگیز جێبەجێ نەکرا، بەڵام چالاککردنەوەی چارەسەرێکی پراگماتیکی بۆ داهاتووی لایەنە چەکدارەکان دابین دەکات. ئەم پێشبینییە تا ڕادەیەک ئەگەری هەیە، چونکە حەشد و گروپە چەکدارەکان و چینی سیاسی لەوانەیە ناچار بن وەک دوایین چارەسەر قبوڵی بکەن، ئەگەر بژاردەکانی تر شکستیان هێنا. بۆ ئێران، ئەم جۆرە ڕێکخستنەوەیە دەتوانێ وەک سازشێکی پراگماتیکی بێت. لەوانەیە ئەمریکاش ئەم بۆچوونە قبوڵ بکات، بە مەرجێک بە شێوەیەکی جدی و ڕاستەقینە جێبەجێ بکرێت.

چوارەم: پێشبینی ڕوودانی جەنگ

ئەگەر هەریەک لەو پێشبینیانەی سەرەوە نەیەتە دی، ئیسرائیل جەنگ دەگوازێتەوە بۆ ناو عێراق و ڕەنگە لەم ئەگەرەدا ئیدارەی ترامپ پشتگیری لە ئیسرائیل بکات، لە کاتێکدا ڕەوشەکە لە عێراق وەکوو سوریا نییە و جیاوازی هەیە. عێراق گۆڕەپانێ بووە بۆ وەبەرهێنانی سەربازی و ئاسایشی ئەمریکا لە دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس. لەو کاتەوە ئەمریکا هەوڵی داوە لە دامەزراندنی دەوڵەتی فیدراڵی عێراق ڕۆڵی سەرەکی هەبێ و بەم هۆکاریە ڕەنگە ئەمریکا لەسەر لێدانی ڕاستەوخۆی عێراق لە لایەن ئیسرائیل ڕێگری کردبێت، بەڵام ئەگەر عێراق نەڕواتە ژێر باری گوشارەکانی ئەمریکا و مەرجەکانی جێ بەجێ نەکات و بە بەردەوامی لە ناو بەرەی مقاوەمە دا بمێنێ و ببێتە مەترسی بۆ سەر ئاسایشی ئیسرائیل و بەرژەوەندیەکانی ئەمریکا، ئەوا ئەگەری جەنگ لە ئارادەیە و ئێمە پێمان وایە دوای لەدەستدانی سەرکردە دیارەکانی بەرەی مقاوەمە و دوای ڕووخانی ڕژێمی ئەسەد و پێداگری ئیسرائیل لەسەر لەناوبردنی بەرەی مقاوەمە و سەرجەم باڵەکانی ئێران لە ناوچەکە دەبێ حکومەتی عێراق بۆ بەرژەوەندی و مانەوەی خۆی لە نێوان بەرەی ئەمریکا و بەرژەوەندییەکان ئێران یەکلابکاتەوە.

**دەرئەنجام**

ئەوەی کۆماری ئیسلامی ئیران لە ماوەی زیاتر لە چوار دەیەیە کاری بۆ کردووە، وەکوو بڵاوکردنەوەی ئایدیۆلۆژیای شیعەگەرایی و هەناردەکردنی بنەماکانی شۆڕشی ئیسلامی بۆ دەرەوەی سنووری وڵاتەکەی لە ڕێگەی وەبەرهێنانکردن لە کۆکردنەوەی گروپ و لایەنانی دەوڵەتی و نادەوڵەتی و هاوکاریکردنیان بۆ دامەزراندنی بەرەیەک بە ناوی "بەرەی مقاوەمە"، بە مەبەستی بەرگریکردن لە بەهاکانی ئەو شۆڕشە و فروانخوازی و هەژموون و ڕووبەڕووبوونەوەی ڕۆژئاواییەکان و ئیسرائیل لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، لە ئێستادا گۆڕانکاری بەسەرهاتووە. ڕووداوەکانی ٧ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٣ و کوژرانی چەندین سەرکردەی باڵای بەرەی مقاوەمە و ڕووخانی ڕژێمی ئەسەد لە ٨ی کانوونی یەکەمی ٢٠٢٤ بوونە هۆکاری گۆڕانکاری لە پێگەی بەرەی مقاوەمە و کاڵبوونی چالاکیەکانی ئەم بەرەیە و پاشەکشەکردنی ئیران لە ویستەکانی و گەڕانەوەی بۆ ناو چوارچێوەی دەوڵەتەکەی. لەلایەکی ترەوە بە هۆکاری ئەو ڕووداوانە فراوانخوازییەکانی ئیسرائیل لە غەززە و لوبنان و سوریا و لێدانی باڵەکانی سەر بە کۆماری ئیسلامی ئیران دەستی پێ کرد. هەموو ئەمانە ئاماژەن بەوەی، کە ئەم بەرەیە دوای دەیان ساڵ کارکردنی لاواز بوو و کەوتە ناو قۆناغێکی سەختی هەوڵدان بۆ خۆ ڕزگارکردن لە لەناوچوون.

لە لایەکی ترەوە حکومەتی عێراق ئاگاداری هەموو پەرەسەندنەکانی ناوچەکە و جەنگەکان وشکستی باڵەکانی ئێران و هاوپەیمانەکانی ئێرانە و بە پێی ئەم گۆڕانکارییانە کار بۆ بەرژەوەندییەکانی خۆی و مانەوەی دەکات. بۆیە ئەم پەرەسەندنانە، ئەگەر چی بە سوودی عێراق نیین، بەڵام هەڕەشەکان بۆ سەر عێراق، وەکوو ڕووداوەکان دەری دەخەن و بە پێی ستراتیژی ئیسرائیل و ئەمریکا بۆ ناوچەکە، هێشتا بوونیان هەیە. حکومەتی عێراق لەژێر گۆشارەکانی ئەمریکایە و لای خۆیەوە ئەمریکاش، کە ڕژێمی پێشووی عێراقی ڕووخاند و هاوکار بوو لە دامەزراندنی عێراقی نوێ، بە مافی خۆی دەزانی، کاریگەری و فشار لەسەر حکومەتی عێراق درووست بکات، بۆ ئەوەی پێداچوونەوە بە هەڵسووکەوتەکانی بکات، بە تایبەتی لە بابەتی دەستبەرداربوونی لە پشتگیریکردنی میلشیاکانی سەر بە ئێران. گفتوگۆکانی ئەم دواییانەی ناو بازنە سیاسییەکانی شیعە لە عێراق ئەوە دەخەنە ڕوو، کەوا هەماهەنگی هەیە لە نێوان دەسەڵاتە ئایینییەکان و حکومەتەکەی محەمەد شیاع سودانی بۆ ئەوەی لە ڕێگەی حکومەتەوە کاربکرێت بۆ هەڵوەشاندنەوەی میلیشیاکانی سەر بە ئێران لە عێراق.

ڕاستە ئەمریکا بە بەردەوامی ڕێگربووە لەوەی ئیسرائیل هێرشی ڕاستەوخۆ بکاتە سەر عێراق، چونکە ئیدارەکەی هەوڵ دەدات لە ڕێگەی گۆشارەکان و دانوستاندنەکان کار بۆ هەڵوەشاندنەوەی میلیشیاکان بکرێت و ئەنجامدانی ئەو کارەش لەڕێگەی خودی حکومەتی عێراقەوە بێت. ئەم میلیشیانە لە ئێستادا لە بودجەی گشتی عێراق پاڵپشتی دارایی دەکرێن، بۆیە دەکرێ حکومەتی عێراق بۆ پاراستنی بەرژەوەندیەکانی و بەهۆی مانەوەی لەنێوان بژاردەی تێوکلانی لەگەڵ ئیران و گۆشارەکانی ئەمریکا و ئیسرائیل ئەو بەژاردەیە هەلبژێرێ، کە لە بەرژەوەندی مانەوەی دایە. بە بپێچەوانەوە بەرهەڵستیکردنی عێراق و ڕەتکردنەوەی داواکاریەکانی ئەمریکا و ئیسرائیل دەکرێ ببێتە مایەی سەپاندنی سزای تۆندتر لەلایەن ئەمریکا بەسەر عێراق لەڕووی ئابووری و سەربازییەوە و تەنانەت دەکرێ دەرگا والا بکرێت بۆ ئیسرائیل، بۆ ئەوەی هێرشی فراوان بکاتە سەر میلیشیاکان لەناو خاکی عێراق و بەو شێوەیەش جەنگەکە بگوازرێتەوە بۆ ناو خاکی عێراق. هەرچەندە میلیشیاکان لە عێراق دوای لاوازبوونی پێگەی ئیران و کەمبوونەوەی هەژموونی و پاش ڕووخانی ڕژێمی ئەسەد ناتوانن بۆ مانەوەی خۆیان کاربکەن و ڕووبەڕووی خواستەکانی ئەمریکا و ئیسرائیل ببنەوە و بۆ پاراستنی هاوسەنگی لە نێوان مانەوەیان و ڕازیکردنی ڕۆژئاواییەکان و ئیران، ڕەنگە خۆیان لەگەڵ ئەم دۆخە نوێیە بگونجێنن و لەژێر ناوی نوێ و ستراتیژی تر هەوڵ بدەن دوورە پەرێزبن و خۆیان لە بازنەی "بەرەی مقاوەمە" بەدووربگرن.

**لیستی سەرچاوەکان**

**کتێب:**


– ضاهر، جوزيف ، الاقتصاد السياسي لحزب الله اللبناني، ترجمة: علاء بريك هنيدي، (الجيزة: دار صفصافة للنشر والتوزيع والدراسات، ٢٠٢٢، ص٣٨–٥٠.

– لاكنر، هيلين ، "أزمة اليمن الطريق إلى الحرب، ترجمة: دينا جميل"، (القاهرة: دار المرايا للإنتاج الثقافي، الطبعة الأولى، ٢٠١٩،ص، ١٥٢

- Anderson, Tim " Axis of Resistance toward an independend Middle East" Clarity press Inc, 2019
- Goodarzi, Jubin, "Syria and Iran: Diplomatic Alliance and Power Politics in the Middle East", (New York: Tauris Academic Studies, 2006), p. 13.
- Sullivan, Marisa, " Hezbollah in Syria" Middle East Security Report 19, Institute for the Study of War, 2014
- Sobelman, Daniel, "Axis of Resistance: asymmetric deterrence and rules of the game in contemporary Middle East conflict" State university of New York Press, Albany, 2025
- Frantzman, Seth J. " The October 7 war: Israel's battle for security in Gaza" A Wicked Son Book, Post Hill Press, 2024


**توێژینەوەکانی گۆڤاری زانستی:**


– رسول، خالد عابد و فەرید دڵشاد محمد، " ڕیشەی گروپەکانی حەشدی شەعبی و کاریگەری لە سەر پێکهاتە و وەڵاتیان" سەنتەری ائکۆڵینەوەی ئایەندەیی، کانوونی ٢٠٢٣، https://doi.org/10.31271/jopss.10080

– الصباغ، سعيد محمد ، العمق الاستراتيجي الإيراني بمنطقة الشرق الأوسط.. دراسة حالة محور المقاومة الإسلامية، مجلة رسالة المشرق، مركز الدراسات الشرقية، مجلد 37، العدد 1، ٢٠٢٢، ص١٣.

– عباس عقيل " الفصائل العراقية المسلحة ومحور المقاومة الدور وحدوده في سياق طوفان الأقصى" تحليل استراتيجي رقم 12، المركز العربي للأبحاث ودراسة السياسات وحدة الدراسات الاسراتيجية، معهد دوحه،٣ تشرين الثاني/ نوفمبر ٢٠٢٤

– قصير،قاسم ، وحدة الساحات أو وحدة الجبهات أو محور المقاومة: بين الشعارات والوقائع، مؤسسة الدراسات الفلسطينية، ٢٠ نوفمبر ٢٠٢٣

– المركز العربي للأبحاث ودراسة السياسات "العدوان الإسرائيلي على لبنان بعد استهداف مقر القيادة المركزية لحزب الله واغتيال أمينه"٢٠٢٤/٩/٢٩،

– المركز العربي للأبحاث ودراسة السياسات "المواجهة بين حزب الله وإسرائيل واحتمالات اندلاع حزب شاملة" ٢٠٢٤/٧/٣

- Ahmed Mostafa, "Remontada?! How Will Syrian Armed Factions Redefine the Regional Landscape" Alhabtoor Research Center, 2/12/2024
- Cingöz, Murat et al, "Iran's axis of resistance through the lens of ontological security" Third World Quarterly,Sep 17, 2024, DOI: 10.1080/01436597.2024.2398613
- Emirates Policy Center, "Future of Armed Factions in Iraq after the Fall of Assad's Regime in Syria", Iraq Studies Unit, Jan9, 2025
- Malik, Hamdi & Michael Knights, Profile: "The Islamic Resistance in Iraq", The Washington Institute, 21 October 2023, available at: https://www.washingtoninstitute.org/policy-analysis/profile-islamic-resistance-iraq
- Orion ,Assaf etal, "The Hamas-Israel War: End of the Beginning or Beginning of the End?" December 15, 2023, available at: https://www.washingtoninstitute.org/policy-analysis/hamas-israel-war-end-beginning-or-beginning-end
- Rudolf، Inna "The war on Gaza and Iraq's resistance state", Mediterranean Politics, (17 Dec 2024) DOI: 10.1080/13629395.2024.2439695
- Smith, Crispin & Michael Knights, "Remaking Iraq: How Iranian-Backed Militias Captured the Country" Mar 20, 2023
- Sobelman, Daniel, "Israel and the Axis of Resistance in the wake of the Gaza war", Middle East Institute, 22.08.2024
- Young, Michael ," Israel Has Assassinated the Secretary General of Hezbollah, Hassan Nasrallah" Spot analysis from Carnegie scholars on events relating to the Middle East and North Africa. Sep 29, 2024,


**ماڵپەرەکان:**


– آية الله االسيستاني، « "استقبال سماحته (دام ظله) للمبعوث الخاص للأمين العام للأمم المتحدة في العراق" ٤/ ١١/ ٢٠٢٤، من: https://www.sistani.org/arabic/statement/26919/

– الجزيرة نت، "تفاصيل اتفاق وقف القتال بين إسرائيل وحزب الله بعد حرب 2024" ٢٠٢٤/١١/٢٨، في: تفاصيل اتفاق وقف القتال بين إسرائيل وحزب الله بعد حرب 2024 | الموسوعة | الجزيرة نت

– الجزيرة، " الفصائل العراقية الموالية لإيران.. دروع "الثورة الإسلامية" في بلاد الرافدين" ٢/٢٢/ ٢٠٢٤ ، في: الفصائل العراقية الموالية لإيران.. دروع "الثورة الإسلامية "في بلاد الرافدين | الموسوعة | الجزيرة نت

– الجزيرة، "عام من العدوان على غزة.. تدمير وتجويع وتهجير" ١٠/١/ ٢٠٢٤، من الموقع:عام من العدوان على غزة.. تدمير وتجويع وتهجير | الموسوعة | الجزيرة نت

– رويترز "حماس تقول علاقاتها مع ايران تضررت بسبب الحرب في سوريا" ٦/١٩/ ٢٠١٣، في:https://www.reuters.com/article/idUSCAE9B2VUP/)

– الشرق الاوسط، "أين أصبحت «حماس» بعد 15 شهراً من الحرب؟" ١/١٦/ ٢٠٢٥. في: أين أصبحت «حماس» بعد 15 شهراً من الحرب؟

– الشرق الاوسط، "ترحيب واسع بأمر رئيس الوزراء العراقي إعادة هيكلة «الحشد الشعب" ٧/٢/ ٢٠١٩، في : https://aawsat.com/home/article/1795406/ترحيب-واسع-بأمر-رئيس-الوزراء-العراقي-إعادة-هيكلة-«الحشد-الشعبي»

– عاطف، علي ، "سيناريوهات التحرك الإيراني لدعم "محور المقاومة" بعد سقوط "الأسد"، ١٦-١٢-٢٠٢٤ ، في https://marsad.ecss.com.eg/83109/

– عربى٢١،""تهديد أمريكي".. هل تتمكن حكومة العراق من حلّ الفصائل المسلحة؟" ٢٠، ١٢، ٢٠٢٤، من: https://arabi21.com/story/1649130/تهديد-أمريكي-هل-تتمكن-حكومة-العراق-من-حل-الفصائل-المسلحة

– العربيه،"خطة إسرائيلية لاغتيال قيادات فصائل عراقية.. مصادر تكشف" ١٧، ١، ٢٠٢٥، في؛ https://www.alarabiya.net/arab-and-world/iraq/2024/11/18/خطة-اسرائيلية-لاغتيال-قيادات-فصائل-عراقية-مصادر-تكشف

– العوادي، باسم، "الحكومة العراقية تصدر بياناً حول تطورات الأوضاع في سوريا" ٢٠٢٤/١٢/٨، فيhttps://www.ina.iq/223228--.html

– يورونيوز فارسی، " سقوط رژیم اسد و فروپاشی «محور مقاومت»؛ خاورمیانه رو به کجا دارد؟" ٢٠٢٤/١٢/٨ ، https://2u.pw/utCdzRxO

- Abdullah, Shakhawan, " U.S. serious about dismantling militias: Iraqi Deputy speaker" Feb 17, 2025, available at: https://www.basnews.com/en/babat/875504

- Bbc, " What militias and armed groups are loyal to Iran in Iraq and Syria?" Oct 28, 2023, available at; What groups and militias are fighting by proxy in Syria and Iraq? - BBC News Arabic

- Busjaeger، Felix "After Assad's ouster in Syria: Iran shows "unprecedented weakness" Dec 12, 2024, available at: After Assad's ouster in Syria: Iran shows "unprecedented weakness"

- Fella,Tobias, Wer verbirgt sich hinter der „Achse des Widerstands", 25.01.2024, available in: https://ifsh.de/news-detail/wer-verbirgt-sich-hinter-der-achse-des-widerstands-interview-auf-webde

- Fulton, Will; Joseph Holliday; Sam Wyer: „Iranian Strategy in Syria." Institute for the Study of War, 2013. http://www.understandingwar.org/report/iranian-strategy-syria

- Gallant, Yoav, "Gallant: Palestinians — not Israel — will run civilian affairs in post-war Gaza", Jan 4, 2024 available at: https://www.timesofisrael.com/liveblog_entry/gallant-palestinians-not-israel-will-run-civilian-affairs-in-post-war-gaza/

- Khatib, lina, "Assad's overthrow heralds the end of Iran's "axis of resistance" Dec 15, 2024 availble at: Nach Assad-Sturz: Das Ende der iranischen „Achse des Widerstands"

- Lefief, Jean-Philippe, Francesca Fattori, What is Iran's 'Axis of Resistance' against Israel and the United States?, Le Monde, 06 December 2023, Available at; What is Iran's 'Axis of Resistance' against Israel and the United States?

- MEO, " U.S. wartns Iraq against allowing Iran to use its territory to strike Israel" 2024/ 11/ 06, available at; U.S. warns Iraq against allowing Iran to use its territory to strike Israel | MEO

- Porter, Lizzie, "Islamic Resistance in Iraq appears to be responsible for attacks in the country and there's no end in sight", Atlantic Council, 22 November 2023, available at; Islamic Resistance in Iraq appears to be responsible for attacks in the country and there's no end in sight - Atlantic Council

- Rubin, Alissa J, "With Assad's Fall, Iran's 'Axis of Resistance' Unravels", The New York Times, December 8th , 2024. https://2u.pw/IAmNrpdf

- Rubio, Marko, „ Secretary of State Marko Rubio and Israeli Prime Minister Benjamin Natanyahu“ Remarks, Feb 16, 2025, available at: https://www.state.gov/secretary-of-state-marco-rubio-and-israeli-prime-minister-benjamin-netanyahu/
- The Whitehouse, "President Trump Holds a Press Conference with Prime Minister Netanyahu of Israel" Feb 5, 2025, available at; https://www.youtube.com/watch?v=MvheR2KJYyY
- Trends Reseach & Advisory “ What after the assassination of Hassan Nassrallah? …The future f Hezbollah and he outcome of confrontations with Israel” Sep 29, 2024, available at; TRENDS Research & Advisory - What comes after the assassination of Hassan Nasrallah? The Future of Hezbollah and the Outcome of Confrontations with Israel
- Vinograd, Cassandra, “Iran Denies Ordering Drone Strike as Biden Weighs a Response”, The New York Times, 29 January 2024, Available at: https://2u.pw/ZOClulWa

# The Future of " Axis of Resistance" After the Fall of the Assad Regime: The Shiite Militias of Iraq as an Example

**Chenar Babaker Mohammed**

Department of International Relations and Diplomacy, College of Political Sciences, Salahadding University-Erbil, Kurdistan Region, Iraq
Chenar.mohammed@su.edu.krd

**Abstract**

The collapse of the Assad regime was followed by the escalation of Israeli wars with Hamas in Gaza and Hezbollah in Lebanon, and the killing of several leaders of the Iranian-led groups of the "Axis of Resistance." These events have led to the decline of the activities of the groups within this "Axis of Resistance." Eventually, the decline of these groups impacted the Shia militia in Iraq, which is a member of the Iranian-led "Axis of Resistance." Iran has been trying to expand its influence by using its proxies in the region for more than three decades. Iran's actions have led to instability in the region. Iran has been trying to bring together groups that share an anti-Western and anti-Israeli ideology in the Middle East. A number of these groups are in Iraq and have an active role and influence over the Iraqi government. They have been allocated special revenues from the Iraqi federal budget. The collapse of the Assad regime and the curbing of Iranian influence in the region have forced the Iraqi government, under external pressure, especially from the United States and Israel, to reduce its support for these groups and work to dismantle them. In this study, we have attempted to determine the future of Iranian-backed Shia militia groups in Iraq. If Iraq does not comply with the demands of the United States and Israel to review its policies regarding these groups, it will once again face attack and severe sanctions from the United States and Western countries. Iraq must seek to protect its interests and survive, and choose between the interests of Iran and the United States. Ultimately, the United States has invested significant amounts of money and lives in the establishment of the Iraqi government after the fall of Saddam's regime and will never allow any parties in Iraq to threaten its interests and allies.

**Keywords:** Axis of Resistance, Assad Regime, Shia Militias in Iraq, , Israeli war, and the U.S. role.

## مستقبل "محور المقاومة" بعد سقوط نظام الأسد: الميليشيات الشيعية العراقية نموذجا

**چنار بابكر محمد**

قسم العلاقات الدولية و الدبلوماسية، كلية العلوم السياسية، جامعة صلاح الدين–أربيل، أقليم كوردستان. العراق
Chenar.mohammed@su.edu.krd

**الملخص**

جاء انهيار نظام الأسد في أعقاب تصاعد الحرب الإسرائيلية مع حماس في غزة وحزب الله في لبنان ومقتل العديد من قادة محور المقاومة التابعة للجمهورية الإسلامية الإيرانية. وقد أدت هذه التطورات إلى إضعاف دائرة قوة وأنشطة "محور المقاومة" التابعة لجمهورية إيران الإسلامية. في النهاية كانت لهذه الأحداث تأثير على الميليشيات الشيعية التابعة لمحور المقاومة في العراق. منذ أكثر من ثلاثة عقود تحاول إيران عبر وكلائها توسيع نفوذها في المنطقة، و قد أدت هذه المحاولات لإيران إلى عدم الاستقرار في المنطقة. سعت إيران بحجة تصدير الثورة الإسلامية الى خارج حدودها باستخدام شعارات ضد الغرب وإسرائيل لجمع جماعات متشابهة التفكير، و لعدد من هذه الجماعات دور فاعل في العراق و نفوذ واسع على المؤسسات و الأجهزة الحكومية العراقية، وحتى خصصت لها إيرادات ضخمة وفقا للقانون العراقي. انهيار نظام الأسد وانسحاب إيران من المنطقة أجبرت الحكومة العراقية بعد الضغط الخارجي، وخاصة الولايات المتحدة وإسرائيل، السعي على تقليص دعمها لهذه الجماعات والعمل على تفكيكها. في هذه الدراسة، حاولنا طرح مستقبل الميليشيات الشيعية التابعة لإيران في العراق. إذا لم يمتثل العراق لمطالب الولايات المتحدة وإسرائيل بمراجعة سياساته تجاه هذه الجماعات ودعمها، فسوف يتعرض مرة أخرى للهجوم والعقوبات الشديدة من قبل الولايات المتحدة والدول الغربية بين مصالح إيران والولايات المتحدة يجب على العراق أن يسعى لحماية مصالحه، أخيرا وبعد سقوط نظام صدام استثمرت الولايات المتحدة في تأسيس العراق الجديد ولن تسمح أبدا بتعريض مصالحها للمخاوف والخطر.

**الكلمات المفتاحية:** محور المقاومة, سقوط نظام الأسد، الميليشيات الشيعية في العراق، الحرب الإسرائيلية, ضغوط أمريكا